# کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان
# (1976 - 1980)

## مەکتەبی گەشەپێدانی بیر و هۆشیاری

ئۆرگانێکی کەلتوری و پەروەردەییە، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی (ی.ن.ک) پەسەندکراو لە چوارەمین کۆنگرە لە ساڵی ٢٠٢٠ دامەزراوە، ئەرکەکەی بریتییە لەرەخساندنی زەمینەی هۆشیارکردنەوەی فیکری و سیاسی لەسەر بنەماکانی سۆشیالیست دیموکرات، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسی، سیکۆلاریزم، مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی، تاوتوێکردنی بابەتەکانی بیری هاوچەرخ و دابینکردنی ئەدەبیاتی ڕێکخراوەیی، دەستەبەرکردنی ئامرازەکانی پەروەردەکردن و پێگەیاندنی کادیران لە بوارە جیاجیاکاندا، نووسینەوەی مێژووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و شۆڕشی نوێ و ڕۆڵی لە بووژاندنەوەی گیانی بەرگری و ئەرشیفکردن و دووبارە چاپکردنەوەی بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

# کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان

# (١٩٧٦ - ١٩٨٠)

محەمەد حەسەن خورشید

(حەمەی سانیە)

# کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان
## (١٩٧٦ - ١٩٨٠)


نووسینی: محەمەد حەسەن خورشید (حەمەی سانیە)

دیزاین: هەرێم عوسمان

تیراژ: 2000 دانە

نۆرەی چاپ: دووەم- 2022

ساڵی چاپ: 2022

نرخ: 3000 دینار

شوێنی چاپ: کوردستان - سلێمانی - چاپخانەی حەمدی

زنجیرە : 27/560

لە بەڕێوەبەرێتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (1446) ی ساڵی **2022** ی پێدراوە

سەرپەرشتیاری زنجیرەی کتێب
**عوسمان حەسەن شاکر**

لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی گەشەپێدانی بیروهۆشیاری
**بۆردی ئەرشیف و مێژوو**

www.pukhoshiari.com   info@pukhoshiari.com

## پێشەکی

دەستپێکی هەر کار و بڕیار و ڕووداوێکی مێژوویی، بە تایبەتی کار و خەبات و بڕیاری سیاسی بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوێک، یان هەڵگیرساندنی شۆڕش و ڕاپەڕینێک، ئەگەر لە سەرەتاوە هۆشیارانە بە دۆکیومێنت نەکرا، بە ناچاری ئەوەی لێ دەکەوێتەوە دوای ساڵانێکی دوور یان نزیک، بچێتە چوارچێوەی حیکایەت و هەرکەسە و بە کۆششی تایبەتیی خۆی چیرۆکەکە بەو جۆرە بگێڕێتەوە کە خۆی مەبەستیەتی. ڕەنگ بێ ئەو گێڕانەوانە بەشێک لە ڕاستیی ڕووداوەکانیان بە پەرتوبڵاوی تێدا بێت، بەڵام ناتوانن هەموو ڕاستییە مێژووییەکانی ئەو کار و بڕیارە چارەنووسسازانە (لە ئاستی خۆیاندا) بەرجەستە بکەن، ئەوە ئەگەر تووشی شێواندنی ڕاستییەکان نەبن، یان بە دەستی ئەنقەست و بۆ مەرامی تایبەتی نەیانشێوێنن.

ئەگەر کۆمەڵەی مارکسی - لینینیی کوردستان (کملک) بە نموونە وەربگرین، کە پاش نزیکەی هەشت ساڵ لە دامەزراندنی ناوەکەی گۆڕرا بۆ کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، دەبینین نووسراو و دۆکیومێنت و بەیاننامەیەکی دامەزراندنی بەدوای خۆیدا جێ نەهێشتووە، تەنها ئەوەندە نەبێت کە لە ١٠ی حوزەیرانی ١٩٧٠دا دامــەزراوە. تەنانەت تاکو ئێستاش ساغ نەبووەتەوە چەند کەس و کێن ئەوانەی لە دامەزراندنیدا بەشدار بوون و هەڵوێستە فیکری و سیاسییەکانیان چی بووە بەرامبەر بە کێشە و ململانێ سیاسییە دیاریکراوە ناوخۆیی و کوردستانی و عیراقی و نێودەوڵەتییەکان (هەڵبەت مەبەست هەڵوێستی کۆنکرێتی و دیاریکراوە). لەوەش زیاتر، تا ساڵی ١٩٧٨ و تا گۆڕینی ناوەکەی بۆ کۆمەڵەی ڕەنجدەران، واتە بۆ ماوەی نزیکەی هەشت ساڵ، یەک دانە کاغەز و دۆکیومێنتی لە پاش خۆی جێ نەهێشتووە! لەبەر ئەوانە، بە ناچاری دەچێتە ژێر کاریگەریی حیکایەت و گێڕانەوە پەرتوبڵاو و شەخسییەکانەوە و پڕ دەبێ لە کەموکوڕی و چیرۆکی پێچەوانە و تەنانەت دژبەیەکیش. ئەوە لە کاتێکدایە کە ئەو مێژووە ئەوەندە دوور نییە و بەشێکی کارەکتەرە سەرەکی و کادیرە پلە دووەکانی لە ژیاندا ماون.

چیرۆکی دامەزراندنی کۆمەڵەی خوێندکارانیش، کە سەرەتا نـاوی یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستان بـوو و لە ١٩٧٦/٤/٢٦ دامــەزرا، خەریکە (بە شێوەیەکی بەرتەسکتر)

بە دەردی مێژووی کۆمەڵەی مارکسی – لینینی دەچێت و وردەکارییەکانی هەلومەرج، چۆنێتیی دامەزراندن، خەبات و گەشەکردنی لە یەکەمین ساڵی تەمەنیدا و وردەکارییەکانی یەکەمین کۆنفرانسی لە ١٩٧٧دا لە بیر دەچنەوە و هەرکەسە و بە جۆرێک و بە پەرتوبڵاوی لە بۆنەی جیاجیادا دەیگێڕێتەوە. بەڵام بە خۆشحاڵییەوە، بەشێک لە کارەکتەرە سەرەکییەکانی دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوە لە ژیاندا ماون و لە پەنجەکانی دەستێک کەمترن، کە دەتوانن ورد و درشتی پرۆسەکە بگێڕنەوە، تۆماری بکەن، هەڵەکانی ڕاست بکەنەوە و ڕاستییەکانی پشتڕاست بکەنەوە.

ئەمە ئەو ئەرکە پڕ لە بەرپرسیارێتییەیە کە نووسەری ئەم نامیلکەیە لەبارەی مێژووی دامەزراندنی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستانەوە لە ئەستۆی گرتووە، بابەتییانە و بێلایەنانە ساغی کردووەتەوە و ڕۆ چووەتە ناو هەموو وردەکارییەکانی باسەکەوە. هەر ئەوەش لە تێکۆشەری دێرین (محەمەد حەسەن خورشید) چاوەڕوان دەکرێت، کە بۆ خۆی یەکێکە لە کارەکتەرە سەرەکییەکانی دامەزراندنی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان و هەر لە ماڵی ئەوانیشدا لە کەرکوک یەکەمین کۆبوونەوەی دامەزراندن بەستراوە، یەکەمین بەیاننامەی دامەزراندن و پەیڕەوی ناوخۆی ڕێکخراوەکە بڕیاریان لەسەر دراوە، کە شەهید شوان عەلی سەعید (شامیل) وەک یەکەمین سکرتێری گشتی و یەکەمین شەهیدی کۆمەڵەی خوێندکاران ڕەشنووسەکەی بە

دەستوخەتی خۆی نووسیوەتەوە.

نووسین و ساغکردنەوەی ئەو مێژووەش لە کاتێکدا لەسەر دەستی (محەمەد حەسەن خورشید) بووە، کە یادی چلوشەش ساڵەی دامەزراندنی کۆمەڵەی خوێندکاران لە ٤/٢٦دا نزیک بووەتەوە و ڕەنگ بێ ئەم نامیلکەیە جوانترین دیاریی ئەو یادە بێت بۆ خوێندکارانی خەباتکار و وەبیرخستنەوەیەکی ئەو مێژووە پڕ لە سەروەرییە بێت کە شەهیدێکی وەکو شامیل و هەڤاڵەکانی تری لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی خوێندکاران لەو ڕۆژگارە تاریک و سەختانەدا ئاڵاکەیان بەرز کردەوە و گەیشتە ئەمڕۆژەمان.

نەجمەدین فەقێ عەبدوڵلا

٢٠٢٢/٢/١٤

## هەوڵە سەرەتاییەکانی پێش دامەزراندن و پێکهێنانی یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستان

هەر ڕووداوێکی مێژوویی لە کات و ساتی خۆیدا بۆ هەر بابەتێک، تۆمار یان بە دۆکیومێنت نەکرابێت، زۆر سانا دەبێت ئەو مێژووە بشێوێنرێ، بە مەبەست یان بەبێ مەبەست، بە لە بیرچوونەوە یان بۆ بەرژەوەندیی تایبەت.

بۆیە مێژووی پێکهێنان و دامەزراندنی کۆمەڵەی خوێندکارانیش، لەبەر ئەوەی لە کاتی خۆیدا دۆکیومێنت نەکراوە و ماوەی زیاتر لە چلوشەش ساڵی بەسەردا تێ پەریوە، لە لایەک ئاسان دەبێت ڕاستییەکانی ئەو مێژووە لای خەڵکی ون بێت یان بشێوێنرێت، لە لایەکی تریشەوە، دەشێت ڕاستی بەشێکی ئەو مێژووە باس کرابێت و بەشێکی تریشی ڕەنگە بۆ بەرژەوەندیی گرووپ یان تاک بەکار هێنرابێت، بەڵام من دەمەوێت لە دووتوێی ئەم گێڕانەوە و نووسینە کورتەدا ڕاستییەکانی مێژووی دامەزراندن و پێکهێنانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان، وەک خۆی و ئەوەندەی من ئاگادار بم، بەبێ هیچ خەوشێک بخەمە بەرچاوی خوێنەری ئازیز.

ئەوەی دەمەوێت لێرەدا باسی بکەم، تا ئەو جێیەی من ئاگادار و بەشدار بووم، بریتییە لە یەکەم کۆبوونەوەی دامەزراندنی (یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستان)ی ئەوکات و (کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان) دواتر، لە ١٩٧٦/٤/٢٦[١]دا کە

١ د. سامان فەوزی، شەهید شوان ناسنامەی بزوتنەوەی خوێندکاران، سەنتەری ڕاگەیاندنی خوێندکارانی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠١، ل ٣٣.

ئەو ڕێکخراوەی تێدا دامـەزرا. تا نیسانی ١٩٨٠، من بەردەوام، وەک بەرپرسی لقی کەرکوکی یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستان، کارم تێدا کردووە.

بێگومان وەک لە خـوارەوە باسی دەکـەم، چەندین هەوڵ و تەقەلای پچڕپچڕ و جیاواز هەبوون لە لایەن کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کـوردسـتـانـەوە لـە سـاڵانـی ١٩٧٤ و ١٩٧٥دا بـۆ پێکهێنانی ڕێکخراوێکی پیشەیی بۆ قوتابیان یان خوێندکاران کە لە لایەک وەڵامـدەرەوەی قۆناغەکە و خواستی ئەو توێژە بزێو و چالاکە بەرفرەوانەی کۆمەڵگای کوردستان بێت، لە لایەکی تریشەوە، پانتاییەکی ئاسانتر بێت لە ڕێکخراوبوون و ئاڕاستەکردنیان دژ بە ڕژێمە فاشییەکەی بەعس. لە هەمان کاتدا، بە مەبەستی سیاسەتی چەپخوازانەی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان ئاڕاستە بکرێن، بەڵام ئەو هەوڵانەی کۆمەڵە بە هیچ جۆرێک نە فۆرمۆلە بوون، نە چوونە بـواری کـرداری و جێبەجێکردنەوە تاکو سـەرەتای ساڵی ١٩٧٦، کە بە شێوەی بەرنامەداڕێژراو و کرداری یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستان لە کەرکوک دامەزرێنرا.[٢]

ئەو هەوڵانەی کە لە ساڵانی ١٩٧٤-١٩٧٥دا لە لایەن کۆمەڵەوە دران، بە ماوەیەکی کورت پێش تێکچوونی گفتوگۆ و هێرشی دڕنـدانـەی بەعسی فاشی بـوو بۆ سـەر خەڵکی کوردستان و

---

٢ شوعلە عەلی و پێشڕەو ئەحمەد، لێدوانی بەڵگەنامەکانی شەهید شوان عەلی سەعید (شامیل)ی کۆمەڵەی ڕەنجدەران و یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستان، چاپخانە و ئۆفسێتی ئاسا، سلێمانی، ٢٠٠١، ل ١١٣.

بزووتنەوە چەکدارییەکەی، هەروەها دوای هەرەسی بزوتنەوە چەکدارییەکەشی و لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورتیان دەکەمەوە:

یەکەم: نەجمەدینی فەقێ عەبدوڵا لە چاوپێکەوتنێکی دۆستانەدا باسی لە کۆبوونەوەیەکی لقی کەرکوکی قوتابیانی پارتی لە بارەگای لق کرد، ئەوەش بە ماوەیەکی زۆر کورت پێش هێرشی درندانەی بەعسی فاشیست بۆ سەر خەڵکی کوردستان و بزووتنەوە چەکدارییەکەی لە ساڵی ١٩٧٤دا و وتی: ((لقی کەرکوکی قوتابیانی پارتی دیموکراتی کوردستان کە ئەوکات محەمەد عەزیز بەرپرسی بوو، بە ئامادەبوونی کارگێڕ و ئەندام لق و ناوچەکانی قوتابیانی کەرکوک کۆبوونەوەیەکی تایبەتی لە بارەگای لق کرد. بەشداربوانی ئەو کۆبوونەوەیە بریتی بوون لە محەمەد عەزیز بەرپرسی لق، شێخ ئەحمەد عەسکەری کارگێڕی لق (ئەندامی سەرکردایەتیی ئێستای یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، کە لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا جەختی لەسەر هەمان بابەتی ناو ئەو کۆبوونەوە تایبەتەی لقی کەرکوکی قوتابیانی کردەوە – نووسەر) شەهید ئازاد هەورامی، شەهید نەجمەدین فاتیح، مامۆستا شێرکۆ عەسکەری، شەهید شوانی تەنسیق، جەوهەر و ئەحمەد موزاهەرە، کە ئەندامانی لق و ناوچەی قوتابیان بوون، چەندینی تریش کە بە داوای لێبوردنەوە کە ناوەکانیانم لە یاد نەماوە.

لەو کۆبوونەوەیەدا، باسی هێرشی درندانەی بەعس بۆ سەر کوردستان کرا کە حەتمییە و دەست پێ دەکات، دەبێت ئەمان

لیژنەیەکی نهێنی لە قوتابیان پێک بهێنن بۆ بەردەوامیدان بە ڕێکخستنی قوتابیان بە نهێنی لە کەرکوکدا، لە دواجاردا بە کۆی دەنگ بریاریان دا لەسەر پێکهێنانی ئەو لیژنە نهێنییە، بەڵام لە هەمان کاتدا وایان بە چاک زانی کەسانێک بۆ ئەو لیژنە نهێنییە دەستنیشان بکەن کە لە ڕیزەکانی قوتابیاندا بەرپرس نەبووبن، لە هەمان کاتدا دەبێت کەسانی دیار و ئاشکرا نەبووبن لە کار و چالاکییەکانی ناو قوتابیاندا)).[٣]

لەسەر هەمان بابەت، لەتیف شێخ عومەر لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا وتی: ((لە شارەکانی تری کوردستان و هەندێ شاری عیراقیش، وەک بەغدا و موسڵ، بە هەمان شێوە ڕێکخراوی یەکێتیی قوتابیان لیژنەی نهێنییان پێک هێنا بۆ درێژەدان بە کارو چالاکییەکانیان، پێش هێرشی دڕندانەی بەعسی فاشیست بۆ سەر کوردستان)).[٤]

لە درێژەی قسەکانیدا نەجمەدینی فەقێ عەبدوڵلا دەڵێت: ((لەو کاتەدا شەهید ئازاد هەورامی کە ئەندامی ناوچەی قوتابیانی کەرکوک بوو، هەمان کات بە نهێنی کادیری پێشکەوتووی کۆمەڵەش بوو، پێشنیازی دوو کادیری کۆمەڵە دەکات بۆ ئەو لیژنە نهێنییە، بە ناوەکانی ئەنوەر حەسەن (کە ساڵی ١٩٨٢ لە

---

٣ نەجمەدین فەقێ عەبدوڵا، ڕاوێژکار لە مەکتەبی گەشەپێدانی بیر و هۆشیاری یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، چاوپێکەوتن، سلێمانی، ٢٠٢١/٩/١٣، کاتژمێر ١١ی پێشنیوەڕۆ.

٤ لەتیف شێخ عومەر، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، وتووێژێکی تەلەفۆنی، سلێمانی، ٢٠٢١/١٠/١٨، کاتژمێر ١١:٣٠ پێشنیوەڕۆ.

داستانی قازان شەهید بوو – نووسەر)، لەگەڵ نەجمەدینی فەقێ عەبدوڵا. ئەندامانی تری کۆبوونەوەکەش دوو کەسی تر پێشنیاز دەکەن بە ناوەکانی ستار پاشا و حامید یان حەمید. دواجار، لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیار لەسەر هەر چواریان دەدرێت بۆ لیژنە نهێنییەکەی قوتابیانی پارتی لە کەرکوک)).[٥]

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم چوار کەسە لە ناو قوتابیانی کەرکوک بۆ ئەو لیژنە نهێنییە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەمان لای دامودەزگاکانی بەعس و ناو قوتابیان زۆر دیار و ئاشکرا نەبوون. لە دوای کۆبوونەوەکەش، لە هەمان ڕۆژدا ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان لە پێش بارەگای لق کۆ بووبوونەوە (کە خۆشم لەوێ بووم)، تاوەکو بزانن ئەنجامی کۆبوونەوەکە و ڕاسپاردەکانی چی دەبێت بۆ ڕیزەکانی یەکێتیی قوتابیان و ئەو بارودۆخە نەخوازراوە. لێرەدا پاش کۆتایی هاتنی کۆبوونەوەکە، ئەندامانی لق و ناوچەی قوتابیان بە ڕاشکاوی بە قوتابیان ڕادەگەیەنن و دەڵێن: ((شەڕ دەست پێ دەکاتەوە، ئەوەی دەیەوێت بڕوات بۆ شاخ ئازادە، ئەوەشی لە شار دەمێنێتەوە، بە هەمان شێوە ئازادە، کاری ڕێخستنی ئێمە لە ناو شار تەواو بوو)).[٦] مەبەست لە بە ئاشکرا ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەی کۆتاییهاتنی کاری ڕێکخستنی قوتابیان لە ناو شاردا، پاراستنی ئەو لیژنە نهینییە بووە، بۆ درێژەدان بە کار و چالاکییەکانی

٥ نەجمەدینی فەقێ عەبدوڵا، هەمان سەرچاوەی پێشوو.
٦ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

یەکێتیی قوتابیان بە نهێنی لە ناو شاری کەرکوکدا.

شایەنی باسە لێرەدا پێویستە بوترێت پێشنیازی شەهید ئازاد هەورامی بۆ ئەو دوو کەسە (شەهید ئەنوەر حەسەن و نەجمەدینی فەقێ عەبدوڵا)، بە مەبەست دەبێت، بۆ ئەوەی لەو ڕێیەوە بتوانن زۆرترین قوتابی ڕاکێشنە ناو ئەڵقە ڕۆشنبیرییەکانی کۆمەڵەوە. شەهید ئازاد هەورامی ئەم دەستپێشخەرییە لە کۆبوونەوەی کۆمەڵە لەگەڵ ئەبوشەهاب[7*] باس دەکات. ئەوکات ئەبوشەهاب بەرپرسی شەهید ئازاد هەورامی و نەجمەدینی فەقێ عەبدوڵا دەبێت لە کۆمەڵەدا و پێشنیازەکە بە کارێکی زۆر باش دەنرخێنێت. سەرکردایەتیی ئەوکاتی کۆمەڵەیشی لێ ئاگادار دەکاتەوە. هەر بۆیە خاڵە شەهاب کە بەرپرسی یەکەمی کۆمەڵەیە، بۆ تاوتوێکردن و نەخشەدانان بۆ ئەم کارە، بڕیاری کۆبوونەوەیەک لە ماڵی نەجمەدینی فەقێ عەبدوڵا دەدات، بە سەرپەرشتیی خۆی و شەهید جەعفەر عەبدولواحید (کە وەک کەسی دووەم لە ناو کۆمەڵەدا مامەڵە کراوە و زۆربەی کات بۆ کۆبوونەوە چارەنووسساز و گرنگەکان لەگەڵیدا بووە – نووسەر)، بە ئامادەبوونی ئەبوشەهاب، شەهید ئازاد هەورامی، شەهید ئەنوەر حەسەن و نەجمەدینی فەقێ عەبدوڵا (کە لە چاوپێکەوتنەکەمدا لەگەڵ ئەبوشەهاب،

---

٧* ئیحسان نەجم محیدین (ئەبوشەهاب)، ئەندامی لیژنەی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لە شاری کەرکوک لە ساڵانی ١٩٧٠- ١٩٧٤، دواتر بەرپرسی لیژنەی ڕێکخستنەکانی شاری کەرکوک پاش دەستپێکردنەوەی هێرشی بەعسی فاشی لە ساڵی ١٩٧٤. ساڵی ١٩٧٨ لە شاخ هەڵبژێررا بە ئەندامی سەرکردایەتیی کۆمەڵەی مارکسی – لینینیی کوردستان.

جەختی لە هەمان زانیاری و بابەتی ناو کۆبوونەوەکەی ماڵی نەجمەدین فەقێ عەبدوڵا کردەوە- نووسەر).[٨] لەو کۆبوونەوەیەدا خاڵەشەهاب و شەهید جەعفەر عەبدولواحید دەستپێشخەرییەکەی شەهید ئازاد هەورامی بۆ دانانی ئەو دوو هاوڕێیەی کۆمەڵە لە لیژنە نهێنییەکەی یەکێتیی قوتابیان لە کەرکوک، بە کارێکی هۆشیارانە دەنرخێنن و دەستخۆشیی لێ دەکەن، پێشنیاز دەکەن و دەڵێن: ((ئەنوەر حەسەن و نەجمەدینی فەقێ عەبدوڵا هەوڵ بدەن بە هەر بیانوویەک بێت، ئەو دوو کەسەی تر لەو لیژنەیە دوور بخەنەوە. بۆ ئەوەی بتوانین وەک ناوکێک سوود لەم لیژنە نهێنییەی یەکێتیی قوتابیان ببینین، تاکو لە داهاتوودا بیکەینە ڕێکخراوێکی قوتابیانی سەر بە کۆمەڵە)).[٩]

لە درێژەی باسەکەیدا نەجمەدین فەقێ دەڵێت: ((هەر لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیار دەدرێت، لە کاتی دەستپێکردنەوەی شەر لەگەڵ بەعسدا، ئەبوشەهاب وەک بەرپرسی کۆمەڵە لە کەرکوک بمێنێتەوە، شەهید ئەنوەر حەسەن و نەجمەدینی فەقێ عەبدوڵایش درێژە بە کارەکانی کومەڵە و ئەو لیژنە نهێنییەی قوتابیان بدەن لە شاری کەرکوک، بەڵام شەهید ئازاد هەورامی بە هۆی ئەوەی ئەندامێکی چالاکی پارتی دیموکراتی کوردستان و ناوچەی

---

٨ ئیحسان نەجم محێدین، چاوپێکەوتن، سلێمانی، ٢٠٢١/١١/١٧، کاتژمێر ٨ی شەو.

٩ نەجمەدینی فەقێ عەبدوڵا، ئیحسان نەجم محێدین، هەمان سەرچاوەکانی پێشوو.

یەکێتیی قوتابیان دەبێت، لە ناو خەڵکدا ئاشکرا و ناسراو دەبێت، لە هەمان کاتدا لای بەعسی فاشی کەسێکی بەرچاوە، بۆیە لەبەر پاراستنی خۆی و ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە، بڕیار دەدەن کار و چالاکیی شەهید ئازاد هەورامی بگوازرێتەوە ناو بزووتنەوە چەکدارییەکەی خەڵکی کوردستان لە شاخ)).[١٠]

مەبەستی کۆمەڵە لەم هەنگاوە، هەوڵی کارکردن دەبێت تاکو ئەو لیژنە نهێنییەی قوتابیانی پارتی بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا هەوڵ بدەن وەک ناوکێک سوودی لێ ببینن بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوێکی قوتابیانی سەر بە کۆمەڵە. پاش ئەوەی ئەو لیژنە نهێنییەی قوتابیانی پارتی یەک دوو کۆبوونەوە دەکەن، شەهید ئەنوەر حەسەن و نەجمەدینی فەقێ عەبدوڵا، بە بیانووی دەستپێکردنەوەی شەڕ، هێرشی دڕندانەی بەعس بۆ سەر کوردستان، نائارامیی بارودۆخی نالەباری کەرکوک، مەترسیی کۆبوونەوە بۆ سەر گیانیان و ترسی ئاشکرا بوونی لیژنەکەیان، بە ستار پاشا و حامید دەڵێن:

((با بۆ ماوەیەک کۆبوونەوەکانمان ڕابگرین. هەر لەو ماوەیەدا ئەو برادەرەی تر کە ناوی حامید بوو، پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە دەکات و لەوێوە دەچێتە هەندەران. ستار پاشاش لەو لیژنەیە دوور دەخرێتەوە. بەڵام پاش ماوەیەکی کەم، کار و چالاکیی ڕێکخراوەیی شەهید ئەنوەر حەسەنیش وەک کۆمەڵە

---

١٠ نەجمەدین فەقێ عەبدوڵا، هەمان سەرچاوەی پێشوو

دەگوازرێتەوە بۆ بەغدا و نەجمەدینی فەقێ عەبدوڵا بە تەنها سەرپەرشتیی کار و چالاکییەکانی ناو قوتابیان دەکات. لەم کاتەدا بەندە وەک کادیرێکی کۆمەڵە و عیسا تۆفیق وەک بێلایەن کە لە هەمان کاتدا لە ئەڵقەی ڕۆشنبیریی کۆمەڵەش دەبێت، دەخرێنە جێی شەهید ئەنوەر حەسەن و ستار پاشا)).[١١]

ئیتر ئەو لیژنەیە بە تەواوی لەژێر کۆنترۆڵی کۆمەڵەدا بە نهێنی درێژە بە کار و چالاکییەکانیان لە ناو قوتابیانی کەرکوکدا دەدەن و چەندین ئەڵقەی ڕۆشنبیری پێک دەهێنن. ئەو بەڕێزانەی ڕاکێشرانە ناو ئەڵقە ڕۆشنبیرییەکانی کۆمەڵەوە لە کەرکوک، ئەمانە بوون: فائق عومەر ڕەسوڵ، عومەر قادر عەلی، مامۆستا نەجمەدین، ئەکرەم و حەمید فوئاد خەڵکی تەپەی مەڵا عەبدوڵا، سوارە کەمال، جواد شێخ بەهادین، کەریمی مەلا عەبدولڕەحمان، جەبار لە شۆڕیجە، سەباح مەحموود، شەهید ئەسعەد و شەهید سەمیع کلاوقوتی (ڕێباز)، عوبێد خالید تۆماری، مستەفا قادر، سالار سابر، ئیسماعیلی گورگەیی سەرخاسە، فەخرەدینی ڕەحیماوا، حوسێن سێودین، دکتۆر خالیدی ئیمام قاسم، فریاد، کاکەڕەش، کۆچکردوو دکتۆر غەفور، هیوا هەورامی (بیبی)، شێخ وشیار، شێخ هۆشمەند، حەمید فەرزە عەلی، بەکری گەڕەکی ڕەحیماوا، چەندین تێکۆشەری تریش کە بە داوای لێبوردنەوە ناوەکانیانم لە یاد نەماوە. پاشان زۆربەی زۆری ئەو هاوڕێیانە

---

١١ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

قسەیان لەگەڵ دەکریت بۆ هاتنە ناو ڕیزەکانی کۆمەڵە و دەبنە ئەندام لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەدا. هەر لەو کاتەدا خەتی ئافرەتانی قوتابیانیش پێک دەهێنرێت لە لەمیعە فوئاد (هاوسەری نەجمەدینی فەقێ عەبدوڵا) و بەیان ناوێک کە ئێستا لە ئەڵمانیا دەژی. پاش ماوەیەکی کورت، بەهار تاڵەبانی، سوهەیلە حەسەن خورشید، پەروین فەتحوڵا، شیرین هەورامی، سەرگوڵ، زەکیە قادر، ناهیدەی خوشکی شەهید پشتیوان و چەندینی تر لە ئەڵقە ڕۆشنبیرییەکانی کۆمەڵەدا ڕێک خران، بەڵام لە دوای هەرەسی بزووتنەوە چەکدارییەکەی خەڵکی کوردستان، بە تایبەتیش ئەو بارە کارەساتاوی و ڕەشبینییەی بەرۆکی سەرتاپای خەڵکی کوردستانی گرتەوە، ئەو هەوڵەی کۆمەڵەش بە ئەنجام نەگەیشت و سەرکەوتوو نەبوو بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوێکی قوتابیان یان خوێندکارانی سەر بە کۆمەڵە.

دووەم: لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیی دۆستانەدا لەگەڵ شێخ لەتیف شێخ عومەر، ئەندامی دامەزرێنەری یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستان، گفتوگۆییەکمان سەبارەت بە بارودۆخی ئەوکاتی کۆمەڵە و شێوەی کارکردنی کۆمەڵە لە ناو قوتابیاندا کرد. ئەویش پشتڕاستی کردەوە و وتی: ((لە سالانی سەرەتای حەفتاکاندا، لە کاتی گفتوگۆی نێوان پارتی و حکومەتی بەعس، کۆمەڵە لە نێو زۆربەی جومگەکانی دەسەڵاتە باڵاکانی ڕێکخراوی یەکێتیی قوتابیانی پارتیدا دەسەڵاتی باشیان هەبووە و کاریان

کردووە بۆ بڵاوکردنەوە و گەشەسەندنی بیروباوەڕی کۆمەڵە لە ناو ڕیزەکانی قوتابیاندا. هەروەها جەختی کردەوە لەوەی هەر لە هەمان ساڵی ١٩٧٤دا، پێش هێرشی دڕندانەی بەعس بۆ سەر کوردستان، لیژنەی نهێنیی قوتابیانی پارتی لە سلێمانییش، بە بەشداریی کادیرانی کۆمەڵە بە نهێنی پێک هێنرا)).[١٢] بێگومان لە هەولێر، دەڤەری بادینان، خانەقین، بەغدا و موسڵیش ئەو هەوڵانەی کۆمەڵە بوونی گرنگ و هەمەلایەنی هەبووە.

سێیەم: ڕەنگە ساڵی ١٩٧٥، لە دوای هەرەس، کۆمیتەی هەرێمەکانی کۆمەڵە هەوڵی دامەزراندنی ڕیکخراوێکی بۆ قوتابیان یان خوێندکاران دابێت کە سەر بە کۆمەڵە بێت، بەڵام دوایین هەوڵی کرداری و بڕیاری پێکهێنان و دامەزراندنی (یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستان)، کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان، بە پێشنیازی شەهید ئازاد هەورامی (ئەندامی کۆمیتەی هەرێمەکانی کۆمەڵە) و بەپێی ڕێنماییەکانی بەرپرسی کۆمیتەی هەرێمەکان شەهید شاسوار جەلال (ئارام) و ئەندامانی تری کۆمیتەکە هاوڕێیان سالار عەزیز و مەلا بەختیار بوو؛ پێنج کادری پێشکەوتووی کۆمەڵە لە شارەکانی سلێمانی و کەرکوک و هەولێر و دەڤەری بادینان، لە ئازاری ١٩٧٦دا دەستنیشان کران بۆ دامەزراندن و پێکهێنانی ڕێکخراوێک بۆ خوێندکارانی کوردستان، بە کردارییش چووە بواری جێبەجێکردنەوە. یەکەم کۆبوونەوەی

١٢ لەتیف شێخ عومەر، هەمان سەچاوەی پێشوو، سلێمانی، ٢٠٢١/١٠/١٨.

ئوسوڵی و بە بەرنامەداڕێژراو بۆ دامەزراندن و پێکهێنانی ئەم ڕێکخراوە خوێندنکارییەش، لە کەرکوک لە گەڕەکی ئیمام قاسم لە ماڵی نووسەری ئەم بابەتە بە بەشداریی ئەم ناوانەی خوارەوە گرێ درا:

١. شوان عەلی سەعید (شامیل)، لە ١٩٧٧/٩/٣ لە قەرەداغ شەهید بوو. دکتۆر سامان فەوزی دەڵێت: ((ئیتر لەبەر زۆریی هێزەکانی دوژمن و کوژرانی یەک دوو چەلەنگی هاوڕێیان، وەک مەلا ئەحمەد و تەقەمەنی لێبڕانیان، بە تەواوی لە دەربازبوون بێئومێد دەبن. بۆیە بە پێشنیازی شەهید شوان، بە نارنجۆک خۆیان دەتەقێننەوە... سەرەتا شەهید شوان لەگەڵ دوو هاوڕێی بە ناوی شەهید سمکۆ و شەهید عەبدوڵا، پاشان دوو هاوڕێی دیکەشیان بە هەمان شێوە، بۆ ئەوەی نەهێڵن جاشە ڕیسواکان یاری بە چارەنووسیان بکەن و بۆ ئەوەی سوودیان لێنەبینن، خۆیان دەکوژن)).[١٣]

٢. ڕەئووف ئاکرێی، لە دوای ڕاپەڕین لە دهۆک تیرۆر کرا.

٣. کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی، سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای سیاسی و بەرژەوەندیی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان.

٤. شێخ لەتیف شێخ عومەر، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان.

---

١٣ د. سامان فەوزی، شەهید شوان، ناسنامەی بزوتنەوەی خوێندکاران، ل ٤٣، ٤٤، ٤٥.

٥. محەمەد حەسەن خورشید، خانەنشینی زیندانی سیاسی.

شێخ لەتیف شێخ عومەر دەربارەی یەکەم کۆبوونەوەی دامەزراندنی یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستان دەڵێت: ((یەکەم کۆبوونەوەی گشتی ئەو ئەنجوومەنە کاتییەش لە کەرکوک، لە ماڵی کاکە حەمە حەسەن بەسترا. بەم شێوەیە، ئەو کۆبوونەوەیە بە کۆبوونەوەی دامەزراندنی ڕەسمیی ئەو ڕێکخراوە و ئەو برادەرانەش بە دەستەی دامەزرێنەر و ئەنجوومەنی کاتی و سکرتێر و ئەندامەکانی تر دادەنرێ، ئەو پەیڕەو و پرۆگرامەش دەبێتە یەکەم بەرنامەی کار و ئوسوڵی ژیانی ناوخۆی ڕێکخراوەکە)).[١٤]

---

١٤ شوعلە عەلی و پێشڕەو ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٣.

## دامەزراندنی یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستان

من لێرەدا هەوڵ دەدەم، وەک یەکێک لە ئەندامانی دامەزرێنەرانی (یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستان) کۆمەڵەی خوێندکاران، ڕاستی و دروستی و چۆنێتیی یەکترناسینی ئەو پێنج ئەندامەی دامەزرێنەر، وردەکاریی یەکەم کۆبوونەوەی پێکهێنان و گفتوگۆکانی نێوانمان، دەربارەی یەکەم بەیاننامەی دامەزراندن و یەکەم پەیڕەو و پرۆگرامی یەکێتیی خوێندکاران، کە لە ١٩٧٦/٤/٢٦دا لە ماڵی حەسەنی حاجی خورشید لە گەڕەکی ئیمام قاسم لە کەرکوک گرێ درا، بە ئامانەتەوە باس بکەم.

لە دوای هەرەسی ساڵی ١٩٧٥، بۆ ماوەیەکی کورت ئەحمەد کرێکار[١٥*] و من پەیوەندیی ڕاستەوخۆمان بە عەلی بچکۆلەوە[١٦**]

---

١٥* ئەحمەد محەمەد کەریم (ئەحمەد کرێکار)، هەر لە سەرەتای دامەزراندنی کۆمەڵەی مارکسی - لینینیی گۆشکراو بە بیروباوەڕی ماوتسی تۆنگ، دەبێتە ئەندام، پاش ماوەیەک دەبێتە ئەندامی لیژنەی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لە شاری کەرکوک، لە دوای شەهید ئازاد هەورامییەوە، لە ساڵی ١٩٧٦ دەبێتە بەرپرسی لیژنەی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لە کەرکوک. ساڵی ١٩٧٨، پاش گۆڕینی ناوی لیژنەی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لە کەرکوک، بە ئاگاداریی هاوڕێیانی کۆمیتەی سەرکردایەتیی ناوخۆ، بۆ کۆمیتەی ئاگر، دەبێتە بەرپرسی کۆمیتەکە تاکو ساڵی ١٩٨١، لە هەمان ساڵدا پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات، ئێستا بەرپرسی پێشمەرگە دێرینەکانە لە کەرکوک.

١٦** عەلی بچکۆل، لە سەرەتای دامەزراندنی کۆمەڵەدا دەبێتە ئەندام، پاشان ئەندامی لیژنەی ڕێکخستنەکانی شاری کەرکوک، لە دواییدا بەرپرسی لیژنەی ڕێکخستنەکانی شاری کەرکوک و ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵە. ساڵی ١٩٧٥ لە گەڵ هاوڕێیانی سەرکردایەتیی کۆمەڵە لە ئێران دەستگیر دەکرێن و پاش ٣ مانگ ڕادەستی ڕژێمی بەعس دەکرێنەوە. ساڵی ١٩٧٦ حوکم دەدرێت و لە لێبوردنەکەی ساڵی ١٩٧٩دا ئازاد دەکرێت. هەر لە هەمان ساڵدا پەیوەندی بە

هەبوو. پاش هێرشی دڕندانەی بەعس بۆ سەر ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لە کۆتایی هەمان ساڵدا و ڕۆیشتنی سەرکردایەتیی کۆمەڵە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەر لە هەمان ساڵدا بۆ ماوەیەکی زۆر کورت شەهید سیروان تاڵەبانی (مانگێک یان دوو مانگ) کرایە بەرپرسی لیژنەی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لە شاری کەرکوک. بەڵام پاش ئەوەی ڕاژەی کاری فەرمانبەریی خۆی گواستەوە بۆ سلێمانی بۆ ئەوەی لەوێوە بچێتە شاخ بۆ پێکهێنانی مەفرەزە سەرەتاییەکانی کۆمەڵە لە قەرەداغ، شەهید ئازاد هەورامی بوو بە بەرپرسی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لە کەرکوک. ئەوکات پەیوەندیی ڕاستەوخۆم گوازرایەوە بۆ لای شەهید ئازاد هەورامی. پاش ماوەیەک، واتە لە ئازاری ١٩٧٦دا، پێی ڕاگەیاندم کۆمەڵە بڕیاری داوە ڕێکخراوێکی تایبەت بە خوێندکاران دابمەزرێنێت، جیاواز لە دید و کار و دنیابینیی گشت ڕێکخراوەکانی پێش خۆی. دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوە لە لایەکەوە بە مەبەستی بەرفرەوانترکردنی پانتایی کارکردنی کۆمەڵە و پەلهاویشتن بوو بۆ ناو چین و توێژە جیاوازەکانی خەڵکی کوردستان، لە لایەکی ترەوە بەرفرەوانکردنی ئەڵقە ڕۆشنبیرییەکانی کۆمەڵە بوو. لە هەمان کاتدا وتی: ((بۆ ئەو مەبەستە، چەند کادیرێکی چالاکی کۆمەڵەمان لە شارەکانی کوردستان دەستنیشان کردووە، تۆ یەکێکیت لەو چەند کادیرە.

---

هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات و دەبێتە ئەندامی ناوەندیی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان. ئێستا خانەنشینە و لە نیوزلەندا نیشتەجێیە.

پاش چەند ڕۆژێکی تر لەگەڵ هاوڕێیانی سلێمانی و هەولێر و بادینان پێکتان دەناسێنم، بۆ دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوە)).

لە درێژەی باسەکەیدا وتی: ((لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەیش قسەم کردووە، وامان بە چاک زانیوە کە کۆبوونەوەکان لە کەرکوک هەر لە ماڵی خۆتان بکرێن، چونکە کەرکوک ناوەندی ڕێگایە بۆ سلێمانی و هەولێر و دهۆک)).

منیش ڕەزامەندی و خۆشحاڵیم دەربڕی بۆ ئەو کارە گرنگ و مێژووییە. لەو زەمەنەدا ئێمەی ئەندامانی کۆمەڵە هەر ئەرکێکمان پێ بسپێررایە، بەبێ سێودوو و ترس و دوودڵی، ڕەزامەند دەبووین و هەوڵی دڵسۆزانە و ماندوونەناسانەمان دەدا، دەرویێشئاسا شەو و ڕۆژمان خستبووە سەر یەک بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانمان. کۆمەڵە بۆ ئێمە ئەو ڕێچکە ڕێگایە بوو. بە پاکی و بە ئیرادەیەکی ماندوونەناسانەوە هەنگاومان بەرەو بەدیهێنانی خەونەکانمان دەنا، بۆ دنیاییەکی جوانتر لەو دنیاییەی تێیدا دەژیاین، مەخابن.

پاش چەند ڕۆژێک، شەهید ئازاد هەورامی لە کەرکوک منی بە شەهید شوان عەلی سەعید (شامیل) و کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی ناساند و پێی وتم: پاش ئەوەی بۆ خۆتان ڕۆژ و کاتی کۆبوونەوەکەتان دیاری کرد، دوو هاوڕێی تریش لە ڕۆژی کۆبوونەوەکە لەگەڵ کۆسرەت ڕەسوڵ و شەهید شوان دێن. ئێمەش ڕۆژی کۆبوونەوەمان دیاری کرد کە تاقی بەیانیی ١٩٧٦/٤/٢٦ بێت لە کەرکوک. هەردووکیان پێیان وتم ئامادەکاری

بکە بۆ ئەو ڕۆژە، تاکو میوانی تر نەیەت، چونکە کۆبوونەوەکەمان تاکو ئێوارەیەکی درەنگ دەخایەنێت.

سەرلەبەیانیی ڕۆژی دیاریکراو بۆ کۆبوونەوەکە، کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی و کەسێکی چاویلکەلەچاوی باریکەلە و وریا لە ڕوخسار و گەش لە هزردا گەیشتن، ڕەئووف ئاکرەیی پێ ناساندم. پاش نزیکەی نیو کاتژمێرێک، شەهید شوانی عەلی سەعید و شێخ لەتیف هاتن. ئەوە یەکەم جار بوو بەو دوو هاوڕێیە، کە شەهید ڕەئووف ئاکرێی و شێخ لەتیف بوون، ئاشنا بووم.

بە سەرپەرشتیی شەهید شوان عەلی سەعید (شامیل) کۆبوونەوە دەستی پێ کرد و وتی، ئێمە دەزانین بۆ چ مەبەستێکی مێژوویی کۆ بووینەتەوە، بۆیە ڕاستەوخۆ دەچینە ناو باسەکەوە، پاش ئەوەی کورتەباسێکی لەسەر بارودۆخی کوردستان و هێرشی دڕندانەی بەعسی فاشیست بۆ سەر خەڵکی کوردستان بە گشتی و بۆ سەر ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بە تایبەتی کرد، هاتە سەر باسی گرنگیدانی کۆمەڵە بە توێژی خوێندکاران، وەک توێژێکی ڕۆشنبیر و شۆڕشگێڕ لە کوردستاندا، کۆمەڵە دەمێکە هەوڵ دەدات و هانی خوێندکاران دەدات بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوێکی تایبەت بە خۆیان، جیاواز لە دید و جیهانبینی و بیرکردنەوە و ناوەڕۆک و کارکردن و ئامانجی ئەو ڕێکخراوە قوتابییانەی لە کوردستان هەبوون و هەن. هەر بۆ ئەم مەبەستە، کۆمیتەی هەرێمەکانی کۆمەڵە لە ڕێی شەهید ئازاد هەورامییەوە

ئێمەی پێک ناساند، بۆ ئەوەی بە ئازادانە ئەم ڕێکخراوە دابمەزرێنین و وەک توێژێکی چوست و چالاک و ڕۆشنبیر لە کوردستاندا بەشدار بین لە بەرەنگاربوونەوەی سیاسەتی فاشییانەی بەعس، کە دژ بە خەڵکی کوردستان پەیڕەوی دەکات، وێرانکردن و تەختکردنی لادێکانی کوردستانی کردووەتە ئامانج، بە هۆی سیاسەتی دڕندانەی ڕاگواستن و دەربەدەرکردن و تەعریب و تەبعیسەوە ڕۆحی بەرەنگاریی گەلی کوردستان خامۆش دەکات، بەڵام کۆمەڵە تێ دەکۆشێت و هەوڵ دەدات پێشەنگی ئەو هێزە بێت و ڕێی بەرەنگاری خەڵکی ڕووناک بکاتەوە. لە هەمان کاتدا، کلێشەی بەیاننامەیەکی خوێندکارانی بۆ خوێندینەوە کە لەگەڵ خۆیدا هێنابووی، وتی: ئەم بەیاننامەیەمان تەنها وەک کلێشەیەکی سەرەتایی ئامادە کردووە بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکەین، تا لە دواجاردا بگەینە گەلاڵەیەکی کۆتایی و ببێتە یەکەم بەیاننامەی دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوە خوێندکارییەی کوردستان، کە پاشان گفتوگۆ لەسەر ناوەکەی دەکەین و شێوەی تەشکیلاتی و ڕێکخستن و کارکردنی دیاری دەکەین (لە هەمان کاتدا کلێشەی پەیڕەو و پرۆگرامیشی هێنابوو بۆ گفتوگۆ – نووسەر)، لەژێر ڕووناکیی چەندین پەیڕەو و پرۆگرامی وڵاتانی سوشیالیست ئەم کلێشەیەمان ئامادە کردووە.[١٧]

---

١٧ محەمەد حەسەن خورشید، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ساڵی پانزەیەم، ژمارە، ٢٧٤٨، ل ٧.

مەلا بەختیار لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ نوێنەرانی خوێندکارانی لقی سلێمانی، لە چلوسێیەمینساڵیادی دامەزراندنی کۆمەڵەی خوێندکاران لە ٢٠١٩/٤/٢٩دا دەڵێت: ((جموجۆڵی خوێندکاران لە دوای ١٩٧٥ەوە بەهێز بوو، بۆ مێژوو دەیڵێم و خاوەن قسەی خۆشمم، لە دوای ڕێککەوتننامەی جەزائیر، پێش هەموو چین و توێژەکانی تر، ئاڵای بەرەنگاری و خەبات، ئاڵای کوردایەتیی نوێ، خوێندکارانی کوردستان هەڵیان کرد، کە ئەو کاتە هێشتا کۆمەڵەی خوێندکاران دانەمەزرابوو. هەر ڕێک لە دوای کۆتاییهاتنی شۆڕش، هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەیەکی ئەو سەردەمە، هونەری، ئەدەبی، شیعر و هەر پێشانگایەکی هونەری بکرایەتەوە، بە شێوەیەکی خۆڕسک خوێندکارانی کوردستان، کە سلێمانییش چەقەکەی بوو، یان بە خۆپێشاندان یان بە سروود، یان بە تەحەدا، یان بە شیعرخوێندنەوە کۆتاییان بە چالاکییەکە دەهێنا. هەستمان کرد وردەوردە خوێندکاران هەڵوێستەکەیان لە هەڵوێستی ئەم خوێندنگە و ئەو چەندین کەسەوە گەشە دەکات و پەرە دەسێنێت و خەریکە بزووتنەوەیەکی خوێندکاریی خۆڕسک لە کوردستان دروست دەبێت. بزووتنەوەیەک بە مانای بزووتنەوەی خوێندکاری و بەبێ ئەوەی ئێمەی کۆمەڵە ڕۆڵمان تێیدا هەبێت و...)) درێژە بە باسەکەی دەدات و دەڵێت: ((شەهید شوان عەلی و شێخ لەتیف و هەموو ئەو هاوڕێیانەی کۆمەڵە فشاریان بۆ سەر کۆمیتەی هەرێمەکان دروست کرد، کە ئەو کاتە شەهید ئارام

سەرپەرشتیی دەکردین، بۆ ئەوەی ڕێکخراوێک دروست بکرێت. شەهید ئارامیش کەوتە لێکدانەوەی ئەوەی کە ئایا دروست بکرێت یان نەکرێت، هەمووشمان لە کۆمیتەی هەرێمەکان گەیشتینە ئەو باوەڕەی کە ڕێکخراوەکە دروست بکرێت. شەهید ئارام یەکەم بەیاننامەی دامەزراندنەکەی نووسی، شەهید شامیلیش بەشی زۆری پەیڕەو و پرۆگرامەکەی نووسی و منیش دام ڕشتەوە)).[18]

سالار عەزیز دەڵێت: ((پاراستنی ئەوەی پێکمانەوە نابوو، ئەرکی گەورەی ئێمە بوو، بۆیە بە چاکمان نەزانی بە ناوی کۆمەڵەوە جارێ هیچ بڵاوکراوەیەک بڵاو بکەینەوە. خەیاڵمان بە لای ئەوەدا کەوتەوە کە بە ناوی قوتابیانەوە بڵاوی بکەینەوە. هەر بۆ ئەوەی ئەم بەیانە بە ناوی یەکێتیی قوتابیانەکەی پێش هەرەس نەبێت، بۆیە پێمان باش بوو ناوی یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستانی لێ بنێین. ئێمە ئەو هەقەمان هەبوو، چونکە من تا هەرەس ئەندامی سکرتارییەتی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بووم. بەیانەکەمان نووسی و بە هۆی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەوە بە شێوەیەکی بەرفرەوان لە سلێمانی و هەولێر و شار و شارۆچکەکانی تر بڵاو کرایەوە (لێرەدا سالار عەزیز کەرکوکی بیر چووە، لە لاپەڕەکانی خوارەوەدا دێمە سەر درێژەی چۆنێتیی بڵاوکردنەوەی یەکەم بەیاننامەی یەکێتیی خوێندکارانی

---

١٨ مەلا بەختیار، لە چلوسێیەمین ساڵیادی دامەزراندنی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان، لەگەڵ لقی سلێمانی، ٢٠١٩/٤/٢٩، سلێمانی، ماڵی خۆی، کاتژمێر ٦ی ئێوارە.

شۆڕشگێڕی کوردستان – نووسەر).[١٩] لە ڕاستییشدا قسەکەی ئێمە هاتە دی، ئەو بەیانە دەورێکی گەورەی بینی و ڕاچەنینێکی مەزنی دروست کرد، هیوایەکی پیرۆزی بەخشییەوە و بەڵکو دەروازەکردنەوەیەکی باشی بەردەم ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بوو.

هـەر دوابـــەدوای ئــەوەش، فکـرەی پێکهێنانی تەشکیلاتی یەکێتیی خوێندکارانیش لە دایک بوو، هەر بەو سیفەتەی کە من سەرکردایەتیی خوێندکاران بووم، ڕاسپێررام بە ئامادەکردنی پـەیـڕەوی نـاوخـۆی ئـەو ڕێـکـخـراوە، پـاش ئـامـادەکـردن و چاوپێداخشاندنی لە لایەن کۆمیتەی هەرێمەکانەوە. بەو سیفەتەی کە شەهید شامیل خۆی هەم ئەندامی لیژنەی شاری سلێمانی و هـەم خوێندکاریش بـوو، بۆ ڕێکخستنەوە و نووسینەوەی ئەو ڕەشنووسە، جێپەنجە و دەسخەتی بەسەر ئەو پەیڕەوەوە دیارە)).[٢٠]

هەر لەم ڕووەوە شێخ لەتیف شێخ عومەر دەڵێت: ((دۆزینەوەی ڕەشنووسی پەیڕەو و پرۆگرامی ی.خ.ش.ک، بۆ دۆکیومێنتکردنی مێژووی سەرهەڵدان و پێکهێنانی ئـەو ڕێکخراوە، بایەخێکی گەورەی هەیە.. بە تایبەتی کە دەگمەنیی دۆکیومێنت و وردبوونەوە لە گێڕانەوەی دروستی ڕووداوەکان و نەشارەزایی هەندێک کەس لەوەی بە میتۆدی زانستی مێژوو بنووسێتەوە و چەندین هۆی تر، وایان کردووە لێڵی و تێکەڵوپێکەڵییەک سەبارەت بە چۆنێتی

١٩ محەمەد حەسەن خورشید، هەمان سەرچاوەی پێشوو.
٢٠ شوعلە عەلی و پێشڕەو ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٩–١١٠.

دروستبوون و دامەزراندنی یەکێتیی خوێندکاران دروست ببێ.

بەشێکی زۆری ئەو سەهوو و هەڵانەی لەو بوارەدا کراون، لە تێکەڵکردن و جیانەکردنەوەی وێستگە و قۆناغە جیاجیاکانی سەرهەڵدان و پێکهێنان و گەشەکردنی ئەو ڕێکخراوەوە سەرچاوەی گرتووە.

من لێرەدا بە ئەرکی خۆمی ئەزانم، بە ئامانەتەوە، ئەوەی لەم بارەیەوە ئاگادارم، بیخەمە ڕوو:

لەگەڵ ژیانەوەی ئیرادەی بەرگری و دەستپێشخەریی گەرمی خوێندکاران لە چالاکیی هەمەلایەنە دژ بە سیاسەتەکانی ڕژێم، پێکهێنانی ڕێکخراوێکی خوێندکاری وەک زەروورەتێک بووە جێی مشتومڕی زۆربەی خوێندکارە چالاکەکان. کۆمەڵەش وەک داینەمۆی هەستانەوەی شۆڕش، درکی بەو زەروورەتە کردبوو، بۆیە لە چەند کەناڵەوە کەوتە مشوورخواردنی.. دیارە لەو هەوڵانەدا سەرکردایەتیی کۆمەڵە و چەندین کادر و خوێندکاری کۆمەڵە بەشدارییان لە گەڵاڵەکردنی ئەو بیرۆکەیە و بەگەڕخستنی کردووە)).

بەردەوام دەبێت لە قسەکانی و دەڵێت: ((ئاساییە کە بەر لە دروستبوونی فیعلیی ڕێکخراوەکە و دەستبەکاربوونی وەک ڕێکخراوێکی خاوەن هەیکەلی ڕێکخراوەیی و بەرنامە و ڕێباز و پەیڕەو، لەو بارودۆخە شۆڕشگێڕییەدا بەیاننامەی ئیعلانکردنی پێکهێنانی بۆ گوژمدان بە خەبات، دەرکرابێ و بڵاویش کرابێتەوە..

وەک بۆ یەکێتیی مامۆستایانیش کرا، بەڵام ئەوەندەی من ئاگادار بم، ئەو کاتە هەنگاوی بەبەرنامە و بەرجەستە دەستی پێ کرد کە چەند هاوڕێیەک تەکلیف کران لە کۆمەڵەوە خۆیان بۆ ئەو ئەرکە تەرخان بکەن.

ئەوە بوو لە هەموو شارەکانەوە، کادرێکی کۆمەڵەی چالاکی نێو خوێندکاران دەستنیشان کرا و بۆ بەرنامەڕێژیی کارەکانیان کۆبوونەوەی خۆیان بەست.

یەکەم کۆبوونەوەی گشتیی ئەو ئەنجوومەنە کاتییە لە کەرکوک لە ماڵی کاکە حەمە حەسەن بەسترا.. هەر لەوێدا موناقەشەی ڕەشنووسی پەیڕەو و پرۆگرام کرا.. لەبەر ڕۆشنایی پەیڕەو و پرۆگرامی چەندین ڕێکخراوی خوێندکاریی دنیا، هێڵە سەرەکییەکان بڕیاریان لێ درا.. وەک لە ڕەشنووسەکەدا دیارە، لە چەندین شوێندا کوژاوەتەوە و لە فۆرمولەی تردا نووسراوەتەوە. یان بڕگەیەکی تازە لە لاپەرەیەکی تردا نووسراوە و بڕگە کۆنەکەی ڕەت کراوەتەوە.

بەم شێوەیە، ئەو کۆبوونەوەیە بە کۆبوونەوەی دامەزراندنی ڕەسمیی ئەو ڕێکخراوە و ئەو برادەرانەش بە دەستەی دامەزرێنەر و ئەنجوومەنی کاتی و سکرتێر و ئەندامەکانی تر دادەنرێ، ئەو پەیڕەو و پرۆگرامەش دەبێتە یەکەم بەرنامەی کار و ئوسوڵی ژیانی ناوخۆی ڕێکخراوەکە.

هەروەها لەتیف شێخ عومەر لە درێژەی باسەکەیدا دەڵێت: لێرەدا پێویستە پەنجە بۆ دوو خاڵ ڕابکێشم.

یەکەم: لەو ڕۆژگار و سەردەمەدا، پلەوپایەی ڕێکخراوەیی، جگە لە ئەرک و لێپرسراوێتیی زیاد و مەترسیی زیادە، هیچ ئیمتیازێکی نەبوو، بە تایبەت هاوڕێیانی کۆمەڵەش کەسیان خۆیان هەڵنەگرتبوو تا ڕۆژی ڕزگاری و کارگرتنەدەست بمێنن.

دووەم: ئێمە هەموومان لە کۆمەڵە و لە خوێندکاران و ئەو ئەرکەمان بەجێ گەیاندووە کە ڕاسپێرراوین بۆ کردنی. هەڵومەرجی خەبات و بەهاکانی ئەو سەردەمەش زۆر لەوە بەرز و باڵاتر بوون کە جێگای ناو و ناونیشانی تێدا بێتەوە. بەڵام کە دێینە سەر تۆمارکردن و نووسینەوەی مێژوو، دەبێ هەمەلایەنە باس لە ڕووداو و ڕاستییەکان بکەین)).[21]

لەسەر ناوەڕۆکی بەیاننامەکە بە گشتی گفتوگۆیەکی تێروتەسەل کرا، بە تایبەت شەهید ڕەئووف ئاکرەیی بەشدارییەکی زۆر باشی کرد لە گۆڕانکاریی زۆربەی ناوەڕۆکی کڵێشەی بەیاننامەی دامەزراندن. لە هەمان کاتدا، دەربارەی ناوەڕۆکەکەی و ناوی ڕێکخراوەکە و پاشان شێوە و جۆری کارکردن لە ناو خوێندکاراندا، بە تێروتەسەلی دواین. هەرچی دەربارەی ناوە بۆ ڕێکخراوەکە، بە کۆی دەنگ هاوڕا بووین کە نابێت ناوی قوتابیان لەم ڕێکخراوە بنێین، چونکە فەلسەفەی دید و ڕوانین و جیهانبینی

---

٢١ شوعلە عەلی و پێشڕەو ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١١١-١١٢.

ئەم ڕێکخراوە نوێیە، زۆر جیاوازە لەو ڕێکخراوانەی هەبوون و هەن، بۆیە دەبێت ناوێک هەڵبژێرین گونجاو بێت لەگەڵ ناوەڕۆک و قۆناغی خەباتی ڕێکخراوەکە، لەم سۆنگەیەوە چەند ناوێک پێشنیاز کرا کە ئەم ناوانەی خوارەوە بوون.

١. یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان – عیراق.

٢. یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان.

٣. یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستان.

لە پاش گفتوگۆیەکی چڕوپڕ لەسەر ناوی ڕێکخراوەکە، بە کۆی دەنگ لەسەر پێشنیازی خاڵی ٣ ڕێک کەوتین کە ناوی ڕێکخراوەکە یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستان بێت. ئەم ناوەمان پەسەند کرد لەبەر ئەوەی[٢٢*]:

یەکەم: ئەو قۆناغەی خوێندکاران خەبات و کار و چالاکیی تێدا دەکەن، قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانی و شۆڕشی ڕزگاریی کوردستانە.

دووەم: لەگەڵ ڕژێمێکی فاشیدا بەرەو ڕوو بووینەتەوە کە هیچ بوارێکی بۆ خەباتی پیشەیی و مەدەنی نەهێشتووەتەوە و هیچ

---

٢٢* نووسەر کە خۆی یەکێک بوو لە ئەندامانی یەکەم کۆبوونەوەی دامەزرێنەری یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستان، دەڵێت: بە هۆی باری سەختی ئەمنیی ئەو کاتەی کوردستانەوە بەشێکی گفتوگۆ و پێشنیازەکانی هاوڕێیانی دامەزرێنەر، لەسەر چەند لاپەڕەیەکی سپی دەماننووسییەوە کاتێک لەسەر گفتوگۆکان هاوڕا دەبووین، لە پاش کۆبوونەوەکان ناچار دەبووین هەموو نووسراوەکان لەناو ببەین تەنها بەیاننامەی دامەزراندن و پەیڕەو و پرۆگرامی ناخۆ نەبێت کە تێبینی و سەرنجەکانمانی بۆ ئاڵوگۆڕکردن لە لایەن شەهید شوانەوە تۆمار دەکرا، هەر وەکو لە بەڵگەنامەی ژمارە یەکدا هاتووە. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: شوعلە عەلی و پێشڕەو ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٣–٢١٣.

ڕێکخراوێکیش بوونی نییە و ڕێگەپێدراویش نییە جگە لەوانەی باوەڕیان بە بەعس و نۆکەرایەتی هەیە.

سێیەم: لە هەمان کاتدا دەبێت بەشدارییەکی کارا لە مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆڕشی نوێی کوردستاندا بکەین.

چوارەم: بە هۆی ئەو بارە نەخوازراوەی کە ڕژێمی بەعس لە کوردستان خوڵقاندوویەتی، هیچ بوارێکی بۆ کاری پیشەیی خوێندکاران نەهێشتووەتەوە، وەک لە خاڵی سێیەمدا ئاماژەمان پێ کردووە، بۆیە دەبێت کار و چالاکییەکانمان چڕ بکەینەوە لە هۆشیارکردنەوەی خوێندکاران و بەشدارییپێکردنیان لە بەگژداچوونەوەی سیاسەتی فاشییانەی بەعس لە ڕاگواستن و تەهجیر و تەعریب و تەبعیس و ڕاگواستنی گوندەکانی کوردستان بە قووڵایی بیست کیلۆمەتر لەسەر سنوورەکانی ئێران و تورکیا.

پێنجەم: بەهۆی ئەو بارودۆخە ترسناکەی بەعس بەسەر کوردستاندا سەپاندوویەتی، ئەستەمە بتوانین لەم قۆناغەی خەباتی ڕێکخراوی یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستاندا، خەبات بۆ مافە پیشەییەکانی خوێندکاران بکەین. بۆیە کار و چالاکییەکانمان چڕ دەکەینەوە لە هۆشیارکردنەوەی توێژی خوێندکاران بۆ بەگژداچوونەوەی سیاسەتی فاشییانە و دڕندانەی بەعس دەرحەق بە خەڵکی کوردستان بە گشتی.

شەشەم: لە کاتی هێرش و پەلاماری بەعس بۆ دەستگیرکردنی چالاکوانی ڕێکخراوی پیشەیی، هەرچەندە نهێنییش بێت، مەترسی

کەمتر دەبێت وەک لە ڕێکخراوێکی حیزبی.

حەوتەم: جووڵە و چالاکیی کۆمەڵە ساناتر دەبێت لە ناو ڕێکخراوێکی پیشەییدا.

هەشتەم: هەوڵ دەدەین یەکێتیی خوێندکاران بکەینە پانتاییەکی گرنگ بۆ بڵاوکردنەوەی هزری چەپخوازانەی کۆمەڵە.

پاش نانخواردنی نیوەڕۆ، دەست کرا بە گفتوگۆ لەسەر بەشێک لە کلێشەی ئەو پەیڕەو و پرۆگرامەی کە هاوڕێیان شەهید شوان (شامیل) و شێخ لەتیف لەگەڵ خۆیان هێنابوویان. پاشان گفتۆگومان دەربارەی ئەوە کرد کاتێک یەکەم بەیاننامەی دامەزراندنی یەکێتیی خوێندکاران بڵاو دەکەینەوە، لەژێر چ ناونیشانێکدا بێت؟ گەیشتینە ئەو دەرئەنجامەی کە بەیاننامەکە بە ناوی ئەنجوومەنی کاتیی یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستانەوە بڵاو بکەینەوە، تا ئەو کاتەی گۆڕانکاری بەسەر بارودۆخی دڕندانەی داسەپێنراوی بەعسدا دێت لە کوردستان و خوێندکاران ئازادانە نوێنەری خۆیان هەڵدەبژێرن.

شەهید شامیل لەسەر لاپەڕەکانی یەکەم بەیاننامە و پەیڕەو و پرۆگرامی ناوخۆی یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستان، خاڵ بە خاڵ ئەنجامی گفتوگۆکان و گۆڕانکارییەکانی بە وردی تۆمار دەکرد. هەر لەو یەکەم کۆبوونەوەیەی دامەزراندندا، گۆڕانکاریی تەواومان لە بەیاننامەی دامەزراندن و بەشێک لە پەیڕەو و پرۆگرامی یەکیتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستان

کرد. پێویستە ئەو ڕاستییە بڵێم، کە زۆربەی گۆڕانکارییەکان شەهید ڕەئووف ئاکرەیی دەستنیشانی دەکرد و پاش گفتوگۆی چڕ، شەهید شوان عەلی لەسەر بەیاننامەی دامەزراندن و پەیڕەو و پرۆگرامەکە بە وردی تۆماری دەکردن.

ئەو بەڵگەنامە تاقانەیەی لە دوای شەهیدبوونی شوان عەلی لە ماڵەکەی، لە گەڕەکی سەرشەقام لە پاش ٢٥ ساڵ لە دامەزراندنی یەکێتیی خوێندکاران لە لایەن خاتوو سەبریە عەزیز دۆزرایەوە[٢٣]، هەمان ئەو تێبینییانەیە کە شەهید شوان عەلی ڕاستەوخۆ لەسەر بەیاننامەی دامەزراندن و پەیڕەو و پرۆگرامەکە لە یەکەم کۆبوونەوەی دامەزراندندا تۆماری کردبوون.

هەر لە هەمان کاتدا، دەمەوئێوارە و پێش کۆتاییپێهێنانی یەکەم کۆبوونەوەی دامەزراندنی یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستان، ئەرکەکانی خۆمان دابەش و دیاری کرد بۆ کۆبوونەوەی دووەم، ئەوەش بەم شێوەیەی خوارەوە:

❖ هەر چەندە زۆربەی زۆری ئەندامانی کۆمەڵە لەو باورودۆخەی ئەوکاتی کوردستانی پێدا تێ دەپەڕی، بە هیچ جۆرێک بیری لە پلەوپایە نەدەکردەوە، بەڵکو بەرپرسبوون و پلەوپایە، ڕیسک و ئەرکەکانی ئەستۆی ئەندامانی کۆمەڵەی قورستر و سەختر دەکرد. بەڵام لەبەر ئەوەی شەهید شوان عەلی لەو کاتەدا سەرپەرشتیی یەکەم کۆبوونەوەی دامەزراندنی

---

٢٣ شوعلە عەلی و پێشڕەو ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٧١- ٧٢.

یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستانی کرد، پێمان باش بوو وەک بەرپرسی ئەنجوومەنی کاتیی یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستان، واتە سکرتێری ئەنجوومەنە کاتییەکە بێت، لە هەمان کاتدا لەگەڵ شێخ لەتیف شێخ عومەر ئامادەکاری بکەن بۆ بەچاپگەیاندنی یەکەم بەیاننامەی دامەزراندنی یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستان؛ گەر بواریش بوو، هەنگاو دەنێن بۆ بەچاپگەیاندنی پەیڕەو و پرۆگرامی ناوخۆ.

❖ کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی وەک بەرپرسی لقی هەولێری یەکێتیی خوێندکاران دەستبەکار دەبێت بۆ پێکهێنانی لقی هەولێر.

❖ ڕەئووف ئاکرەیی وەک بەرپرسی دەڤەری بادینان و زانکۆی موسڵ، ئامادەکاری دەکات بۆ پێکهێنانی لقی بادینان.

❖ لەتیف شێخ عومەر وەک بەرپرسی لقی سلێمانی هەوڵی پێکهێنانی لقی یەکێتیی خوێندکارانی سلێمانی دەدات.

❖ محەمەد خورشید وەک بەرپرسی لقی کەرکوک، دەستبەکار دەبێت بۆ پێکهێنانی لقی یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستان.

دەمەوئێوارە کۆتاییمان بە یەکەم کۆبوونەوەی دامەزراندنی یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستان هێنا، کۆبوونەوەی ئاییندەمان بۆ دوو هەفتەی داهاتوو لە هەمان شوێن و کاتدا دیاری کرد. هەروەها گفتوگۆی بابەتەکانی کۆبوونەوەی داهاتووشمان دەستنیشان کرد کە ئەم خاڵانەی خوارەوە بوو.

١.      پێداچوونەوەیەکی خێرا بە سەرجەم ئەو گۆڕانکارییانەی بەیاننامەی دامەزراندندا کرا، لە هەمان کاتدا گفتوگۆی تەواوکردنی پەیڕەو و پرۆگرامی ناوخۆی یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستان.

٢.      چۆنێتیی کارکردن لە ناوەندەکانی خوێندن، لە خوێندنگا ناوەندی و ئامادەییەکان، پەیمانگاکان و زانکۆکانی کوردستان و بەغدا و موسل و هەر ناوەندێکی خوێندن لە عیراقدا، کە خوێندکاری کوردی تێدا بێت.

٣.      ئامادەکارییەکانی پێکهێنان و دەستنیشانکردنی ئەندامانی لقەکانی خوێندکارانی شارەکانی هەولێر و سلێمانی و کەرکوک و دەڤەری بادینان.

٤.      گفتوگۆی کات و ڕۆژ و چۆنێتیی بڵاوکردنەوەی یەکەم بەیاننامەی یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستان، بە هاوکاریی ئەندامانی کۆمەڵە و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە ئەوکات کۆمەڵە بەشێک لە ئەڵقە ڕۆشنبیرییەکانی بە ناوی یەکێتیی نیشتیمانییەوە ڕێک دەخست. زێدەڕۆیی ناکەم گەر بڵێم لە سەرەتای دامەزراندنی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستاندا، یەکێتیی تا نزیکەی ساڵێکیش هیچ ئەندامێکی ڕێکخستنی نەبوو لە ناوخۆی کوردستاندا، بەڵکو ئەوە تەنها کۆمەڵە بوو کاری کرد بۆ پێکهێنانی شانەی ڕێکخستن بە ناوی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، وەک ئەڵقەی ڕۆشنبیری بۆ ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە.

مەلا بەختیار لە پێشوازیی لقی کۆمەڵەی خوێندکاراندا لە چلوسێیەمین ساڵیادی دامەزراندنی کۆمەڵەکەدا دەڵێت: ((هەتا ئەو کاتەش (کۆتایی ساڵی ١٩٧٥ و سەرەتای ١٩٧٦) هەموو یەکێتیی نیشتیمانی شانەیەکی نهێنیی نەبوو لە کوردستاندا، ئەوەی هەبوو، تەنها ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بوو، بەڵام یەکێتیی لە دوای مانگی ئازار و نیسانی ١٩٧٦، وردەوردە شانەکانی دروست کرد، ئیتر لە بەهاری ئەو ساڵەوە پەیوەندیمان بە دەرەوەی وڵات و جەنابی مام جەلالەوە کرد و توانیمان پەیوەندییەکە دروست بکەین بۆ چۆنێتیی ڕێکخستنی بەشێکی ڕێکخستنەکانی یەکێتیی کە کۆمەڵە ئەو ڕۆڵەی دەبینی...)).[٢٤]

لە ماوەی ئەو دوو هەفتەیەدا کە بۆ کۆبوونەوەی دووەمی ئەنجوومەنی کاتیی یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستان دیاریمان کردبوو، من لە گەڵ فائق عومەر ڕەسوڵ کۆبوونەوەیەکم ساز دا، تاکو ڕوونکردنەوەی تەواوی پێ ڕابگەیەنم دەربارەی یەکەم کۆبوونەوەی دامەزراندنی یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستان، چۆنێتیی پێکهێنانی لقی کەرکووک، دەستنیشانکردنی ئەندامانی لق و ئامادەکاری بۆ بڵاوکردنەوەی یەکەم بەیاننامەی یەکێتیی خوێندکاران. ئەوکات فائق عومەر ڕەسوڵ کادری کۆمەڵە بوو، پەیوەندیی ڕاستەوخۆی

---

٢٤ مەلا بەختیار، لە چلوسێیەمین ساڵیادی دامەزراندنی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان، دیدار لەگەڵ لقی سلێمانیی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان، ٢٠١٩/٤/٢٩، سلێمانی، ماڵی خۆی، کاتژمێر ٦ی ئێوارە.

بە منەوە بوو، پاش چەند کۆبوونەوەیەک، دوو کەسمان دیاری کرد بۆ لقی کەرکووک کە بریتی بوون لە شەهید ئەسعەد عەزیز (کە ساڵی ١٩٨١ ئەندامی کۆمیتەی ئاگر بوو، ئەمنی کەرکوک دەستگیری کرد و ساڵی ١٩٨٣ لە سەرەتای گفتوگۆی یەکێتی و حکومەتی عیراقدا لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی تر لە بەغدا لە سێدارە درا) و سەباح مەحموود (ئێستا لە سوێد دەژی).

لە کۆبوونەوەکەدا لەگەڵ فائق عومەر ڕەسوڵ، پێمان باش بوو بۆ پاراستنی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە، ئەو لەگەڵ ئەسعەد عەزیز و سەباح مەحموود کۆبوونەوەی لقی خوێندکاران بکات، منیش تەنها لەگەڵ فائق کۆبوونەوە بکەم، چونکە یەکترناسین لەو کاتانەدا چەند کەمتر بوایە، ئەوەندە باشتر ڕێکخستنەکان پارێزراو دەبوون لە چاودێریکردنی دەزگا سیخورییەکانی ڕژێمی بەعس. بێگومان لە دەڤەری بادینان و هەولێر و سلێمانییش ئامادەکاری بۆ پێکهێنانی لقەکانی ئەو شارانەیش کرا.

لە هەفتەی دووەمی ئایاری ١٩٧٦دا لە کەرکوک لە هەمان شوێنی پێشوو، بە ئامادەبوونی ئەندامانی ئەنجوومەنی کاتیی یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستان، سەرلەبەیانییەکەی کۆبوونەوەی دووەم گرێ درا. وەک لە سەرەوە ئاماژەم بۆ کرد، بابەتەکانی کۆبوونەوەی دووەم خاڵ بە خاڵ گفتوگۆیان لەسەر کرا.

١. بەیاننامەی دامەزراندن ئامادە کرابوو، بە تەواوی گۆڕانکاریەکانیەوە کە لە کۆبوونەوەی یەکەمدا زۆربەی ناوەڕۆکەکەیمان ئاڵوگۆڕ کرد. پاش خوێندنەوەی بەیاننامەکە، هەر پێنجمان ڕەزامەند بووین ئەم کلێشەیەی ئێستا چاپ و تایپ بکرێت و ئامادە بێت بۆ بڵاوکردنەوە.

٢. پاش گفتوگۆیەکی ورد لەسەر کات و ڕۆژ و شوێنی بڵاوکردنەوەی یەکەم بەیاننامەی یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستان، بە کۆی دەنگ هاوڕا بووین کە یەکەم ڕۆژی دەستپێکردنەوەی خوێندنی ساڵی ١٩٧٦–١٩٧٧ لە خوێندگاکانی کوردستان و عیراق، ڕۆژی بڵاوکردنەوە و ئاشکراکردنی ئەم ڕێکخراوە خوێندکارییە بێت. واتە سەرەتای مانگی ئەیلوولی ساڵی ١٩٧٦، کە سەرەتای دەستپێکردنی خوێندنە لە خوێندنگاکان، یەکەم بەیاننامەی یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستان بڵاو کرایەوە. بڵاوکردنەوەی ئەم بەیاننامەیە جگە لەوەی دڕی بە تاریکیی بەر دیدی خوێندکارانی کوردستان دا و موژدەی هیوایەکی نوێی بەخشییە ئایندەیان، لە هەمان کاتدا بەعس و دامودەزگا تۆقێنەرەکانی هێنایە لەرزین و تووشی شۆکی کردن. ئەوەتا سالار عەزیز لە چاوپێکەوتنێکدا لە پەرتووکی  بەڵگەنامەکانی شەهید شوانی عەلی سەعید (شامیل) ی کۆمەڵەی ڕەنجدەران و خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستان، لە لاپەرە ١٠٩دا دەڵێت: ((سەرکردایەتیی کۆمەڵە کە ئەو کاتە

شەهید ئارام و بەندە و مەلا بەختیار و شەهید ئازاد هەورامی بوو، هەرچەندە هەموومان لە لایەن ڕژێمەوە ئەمری گرتنمان هەبوو، بەڵام لە ماوەیەکی کەمدا توانیمان ماڵوحاڵەکەی کۆمەڵە، کەم و زۆر ڕێک بخەینەوە. ئیتر وەختی هەندێ جموجووڵی تر هاتبووە پێش و ئەبوو کارێکی وا بکەین کۆمەڵانی خەڵک لە جموجووڵی سیاسی - تەنزیمی ئاگادار بکەینەوە، پەیامێکی موژدەبەخشی دونیایەکی دی بە گوێدا بدەین. ئومێدێکیان پێ ببەخشین و ورەیەکیان بە بەردا بکەینەوە و دۆست و دوژمنیش بزانێ گەلەکەمان لە بەرامبەر هیچ زۆردارێکدا تەسلیم نابێ و چۆک دانادات. ئەوەتا بەیان دەرئەچێت و بە نهێنی بڵاو ئەکرێتەوە کونج و قوژبنی هەموو شوێنێک ئەگرێتەوە.

پاراستنی ئەوەی پێکمانەوە نابوو، ئەرکی گەورەی ئێمە بوو، بۆیە بە چاکمان نەزانی بە ناوی کۆمەڵەوە جارێ هیچ بڵاوکراوەیەک بڵاو بکەینەوە. خەیاڵمان بە لای ئەوەدا کەوتەوە کە بەیانێک بە ناوی قوتابیانەوە بڵاو بکەینەوە. هەر بۆیە ئەم بەیانە بە ناوی یەکێتیی قوتابیانەکەی پێش هەرەسەوە نەبێت، بۆیە پێمان باش بوو ناوی یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستانی لێ بنێین. ئێمە ئەو هەقەشمان هەبوو، چونکە من تا هەرەس ئەندامی سکرتاریەتی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بووم. بەیانەکەمان نووسی و بە هۆی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەوە بە شێوەیەکی فراوان لە شاری سلێمانی و هەولێر و شار و

شارۆچکەکانی تر بڵاو کرایەوە.))[٢٥] (لێرەدا سالار عەزیز ناوی کەرکوکی لە بیر چووە – نووسەر).

هەروەها کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی، سەرۆکی ئەنجوومەنی بەرژەوەندییە باڵاکانی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، بە بۆنەی بیستونۆیەمینساڵیادی دامەزراندنی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستانەوە پەیامێکی بڵاو کردەوە کە ئەمە دەقەکەیەتی:

[بەڕێزان، سکرتاریەت و ئەندامانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان، لە بیستونۆیەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستاندا، گەرمترین پیرۆزبایی لە خۆمان و یەکەبەیەکەتان دەکەم و ئاواتەخوازم وەک هەمیشە هەڵگری مەشخەڵی زانست و داکۆکیکردن لە مافی خوێندکاران بن.

خوێندکارانی خۆشەویست...

٢٩ ساڵ لەمەوبەر، لە شاری کەرکوک و لە ماڵی (محەمەد خورشید) لە گەڕەکی ئیمام قاسم، لەگەڵ شەهیدان (ڕەئووف عەقراوی و شوان عەلی) و هەڤاڵان لەتیف شێخ عومەر و محەمەد خورشید، بڕیاری دامەزراندنی ئەم کۆمەڵەیەمان دا و لە شاری کەرکوک، لە پاڵ گڕی بابەگوڕگوڕ، کاروانی خەبات و کارکردن لە کۆمەڵەی خوێندکاران دەستی پێ کرد.

ئەمرۆ کە کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان یەکێکە لە ڕێکخراوە خوێندکارییە کاریگەرەکانی ناوچەکە و لە پاڵ پەیامی

٢٥ شوعلە عەلی و پێشڕەو ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٩–١١٠.

زانست و هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگا، بەرگریکارێکی سەرسەختی پێشخستن و گەشەسەندنی زانستە و دەبێ هەموو هەوڵێکیشیان بۆ ئەوە بێ کە پاڵپشت و ڕێگەخۆشکەر بن بۆ پێشکەوتنی زانست)).[٢٦]

٣. گفتوگۆی تەواوکردنی ئاڵوگۆڕی پەیڕەو و پرۆگرامی ناوخۆی یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستانمان کرد و بە تەواوی ئامادەکرا بۆ بەچاپگەیاندن.

٤. هەر پێنجمان باسی چۆنێتیی کارکردن و ئامادەکاریی پێکهێنانی لقی شارەکانی سلێمانی و کەرکوک و هەولێر و دەڤەری بادینانمان کرد.

٥. هەمان کات، چۆنێتیی بڵاوکردنەوەی یەکەم بەیاننامەی دامەزراندن، شێوەی بڵاوکردنەوە و ئەو کەسانەی هەڵدەستن بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەکە، خرانە بەر باس. بە گشتی هاوڕا بووین بەم شێوەیەی خوارەوە بڵاو بکرێتەوە:

أ- هەموو ئەو ئەندامانەی کۆمەڵە کە لە ناوەندەکانی خوێندن خوێندکارن، هەروەها ئەندامانی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانیش کە خوێندکارن و کۆمەڵە بۆ ڕیزەکانی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان ڕێکی خستوون، لەگەڵ ئەو کەسانەی کە تا کاتی بڵاوکردنەوەی بەیاننامەکە لە ڕیزەکانی خوێندکاراندا ڕێک دەخرێن، لە قوتابخانە ناوەندی و ئامادەییەکان و پەیمانگا و

٢٦ سەباح بازرگان، گەڕەکی ئیمام قاسم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئازاد هەورامی، کەرکوک، ٢٠١٩، ل ٣٣١.

زانکۆکان، لە یەک کات و ڕۆژدا، پێش ئامادەبوونی خوێندکار لە ناوەندەکانی خوێندگاکان بە کاتژمێرێک، یان بەپێی ئەوەی خۆیان باری ناوخۆی ناوەندەکانی خوێندن بە گونجاو دەزانن، دەیبەن بۆ ناوەندەکانی خوێندن و دەیخەنە ناو تەختەی دانیشتنی ناو پۆلەکان.

ب- ئێوارەی هەمان ڕۆژ ئەو ئەندامانەی بەیاننامەی دامەزراندنی یەکێتیی خوێندکارانیان لە ناوەندەکانی خوێندن بڵاو کردووەتەوە، بە شەو بەیاننامەکە لە گەڕەکەکانی خۆیان بەسەر ئەو ماڵانەی خوێندکاریان هەیە، بڵاو دەکەنەوە، ئەمەش بۆ ئەوەی زۆرترین خوێندکار ئاگادار بکرێتەوە لە دامەزراندن و ناوەڕۆکی بەیاننامەکە.

ج- ئەو ئەندامانەی بەیاننامەی دامەزراندن بڵاو دەکەنەوە، گەر بە ڕێکەوت لە ناو تەختەی خوێندنگاکەیان بەیاننامەی دامەزراندنی خوێندکارانیان بینی، بە هیچ جۆرێک خۆیانی تێ ناگەیەنن، تاکو پاش ئاشکرابوونی بەیاننامەکە هیچ گومانێک نەچێتە سەریان و پارێزراو بن لە چاوی ئیتیحادییەکانی بەعس.

د- هەر ئەندامێک گومانی بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی دامەزراندنی یەکێتیی خوێندکارانی کەوتە سەر، یان دەزگاکانی بەعس دەستگیریان کرد، دەبێت ئەوانەی پەیوەندییان پێیانەوە هەیە، خۆیان بشارنەوە، تاکو چارەنووسی هاوڕێکەیان یەکلا دەبێتەوە خۆیان دەرنەخەن و مۆڵەتی نەخۆشی وەربگرن.

نزیک ئێوارە، پێش کۆتاییهێنان بە دووەم کۆبوونەوە، بڕیار درا تا کاتی کۆبوونەوەی سێیەم هەر بەرپرسی لقێک لە ناو خوێندکاراندا دەست بە کار و چالاکی بکات. هەروەها بریارمان دا کۆبوونەوەی سێیەمیش لە سلێمانی لە ماڵی لەتیفی شیخ عومەر بکرێت. تاکو پاش بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی دامەزراندن و ئاشکراکردنی ئەم ڕێکخراوە و دەنگدانەوەی لە ناو خوێندکاراندا، بزانرێت پەرچەکرداری بەعسی فاشی و پێشوازیی خوێندکاران چی دەبێت، بۆ ئەوەی هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت و بەو پێیە پلانی داهاتووی یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستان دابڕێژرێت.

ئەوە بوو لە پاش نزیکەی دوو بۆ سێ مانگ، شەهید ئازاد هەورامی ئاگاداری کردمەوە، کاتی کۆبوونەوەیەکی بۆ دانام و خۆی لە کاتی دیاریکراودا هات بۆ ماڵمان بۆ کۆبوونەوەکە. پاش باسکردنی بارودۆخی عیراق و کوردستان و ناوخۆی کۆمەڵە، هاتە سەر باسی خوێندکاران و وتی:

((ئەو بەیاننامەیەی لە یەکەم کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی کاتیی یەکێتیی خوێندکاران ئاڵوگۆڕتان تێدا کردبوو و بڕیارتان لەسەردا بوو بۆ بڵاوکردنەوە، تایپ و ڕۆنیۆ کراوە و ئامادەیە، لە ماوەیەکی نزیکدا بەشی کەرکوک و هەولێر و دەڤەری بادینان دەگاتە کەرکوک، هەمووی دەهێنم بۆت، تۆش بەشی کەرکوکی لێ جیا دەکەیتەوە و دوو بەشەکەی تر دەبەیت بۆ هەولێر بۆ

ماڵی کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی)).

پاش نزیکەی دوو هەفتەیەک، شەهید ئازاد هەورامی بە دوو کاتی جیاواز لە ناو ڕۆژنامەی سەورەی ئەو دەمی بەعسی، بەشێکی بەیاننامەی دامەزراندنی یەکێتیی خوێندکارانی بۆ هێنام، پاشان خۆم و خوشکێکم کە ناوی سوهەیلەیە و ئەوکات ئەندامی کۆمەڵە بوو، بە چەند وەجبەیەک بەشەکانی ترمان هێنا بۆ ماڵی خۆمان لە ئیمام قاسم.

هەر بۆ ئەو مەبەستە، پاش چەند ڕۆژێک سەردانی (کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی)م لە هەولێر کرد، بۆ ئەوەی ڕۆژێک دیاری بکات تاکو بەشی هەولێر و دەڤەری بادینان لە یەکەم بەیاننامەی دامەزراندنی خوێندکاران بگەیەنم بە دەستی. ئەویش لە ڕێی خۆیەوە بەشی دەڤەری بادینان بگەیەنێتە دەستی کاک ڕەئووف ئاکرەیی، بۆ ئەوەی ئامادەکاری بکرێت بۆ بڵاوکردنەوەی یەکەم بەیاننامەی دامەزراندنی یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستان لە ڕۆژی دیاریکراوی خۆیدا. کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی ڕۆژەکەی دیاری کرد و لێی پرسیم:

ئەی چۆن لە کەرکوکەوە بەو هەموو خاڵی پشکنینەدا ئەو هەموو بەیاننامەیە دەهێنیت بۆ هەولێر. منیش لە وەڵامدا وتم:

ئامادەکاریم بۆ کردووە، لەگەڵ خوشکێکم قسەم کردووە و تاقیمان کردووەتەوە کە چۆن بیشارینەوە، لە ژێر جلەکانیەوە بە لەشیەوە دەیبەستمەوە و بە دوو سەفەر دەیهێنم.

لە دوای گەڕانەوەم بە چەند ڕۆژێک، لەگەڵ خۆشکێکم کە ناوی خالیدەیە، بەشی هەولێر و دەڤەری بادینانمان لە یەکەم بەیاننامەی دامەزراندنی یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستان، بەو شێوەیەی لە سەرەوە باسم کرد، بە پاسی پۆڵۆنی و بە دوو سەفەر گەیاندە ماڵی کۆسرەت ڕەسوڵ. لە هەردوو سەفەرەکەدا کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی و ئەمیرە خانی خێزانی نەیانهێشت لە هەمان ڕۆژدا بگەڕێینەوە، بۆیە لەوێ ماینەوە و زۆر ڕێزیان نواند.

ئێستا کە بیری لێ دەکەمەوە، ئێمەی ئەندامانی کۆمەڵە هەرچەندە ترسیشمان هەبووبێت، بەڵام بیرکردنەوە و ڕۆژەکانمان، چێژ و خۆشیەکانمان، کاتەکانمان، هەر هەمووی لە خزمەتی کۆمەڵەدا دەبینییەوە و هەست پێ دەکرد، بەڵام مەخابن، چەند ڕیسکێکی ترسناک بووە بەو خوشکەمەوە کردوومە.

هەموو لقەکانی یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستان لە سلێمانی و کەرکوک و هەولێر و دەڤەری بادینان، زۆر هۆشیارانە ئامادەکاریی تەواویان کردبوو بۆ گەیاندنی ترووسکایی موژدەی هیوایەکی نوێ و دڕدان بە تاریکی و بێئومێدی بەر دیدی توێژی خوێندکاران، ئەوەش بە بڵاوکردنەوەی یەکەم بەیاننامەی ڕێکخراوێکی نوێ بۆ خوێندکاران، بە دید و دنیابینییەکی جیاواز لەوەی هەبووە و باو بووە، لە دوای ئەو کۆست و ڕەشبینی و ترس و وێرانییەی بین و بەرۆکی خوێندکارانی گرتبوو، لە پاش

ئەو غرووورەی بەعسی فاشی تووشی هاتبوو و پێوەی دەنازی، لە دوای بێئومێدی لە هەرەسی ساڵی ١٩٧٥، لە یەک کات و ڕۆژدا، لە ئەیلوولی ١٩٧٦دا. یەکەم بەیاننامەی یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستان بڵاو کرایەوە و ئەو لێڵییەی بەر چاوی خوێندکارانی گرتبوو، ئەو ڕەشبینییەی بەرۆکی خوێندکارانی گرتبوو، ئەو بێهیواییەی سەرتاپای ئەم توێژەی تەنیبوو، وەک چەخماخەیەک لە شەوەزەنگدا بەر بین و چاوی خوێندکارانی ڕووناک کردەوە، دڕی بە تاریکی و بێهیوایی ئەو توێژە ئاکتیڤەی کۆمەڵ دا و ترووسکایی هیوایەکی نوێی پێ بەخشی، لە هەمان کاتدا، بە پێچەوانەوە، ئیتیحادییەکانی بەعسی فاشیی تووشی دڵەڕاوکێ و شۆک کرد. لەو ڕۆژەدا، لە ناوەندەکانی خوێندن، لە خوێندنگاکان و پەیمانگاکان و زانکۆکانی کوردستان، لە کەرکوک، سلێمانی و هەولێر و دەڤەری بادینان، چاوانی خوێندکاران گەش گەش بووبوونەوە، ئیتیحادییەکانی بەعسیش تاسا بوون و خەریکی کۆکردنەوەی بەیاننامەکان بوون. خۆشبەختانە، جگە لەوەی چەند خوێندکارێکیان بۆ ژووری ئیتیحادییەکان بانگ کرد و هەندێ پرسیاریان لێ کردن، کەس تووشی گرتن و لێپێچینەوە نەبوو. بۆ شەوەکەشی بە هەمان شێوە، لەو ماڵانەی شارەکان و شارۆچکەکان کە خوێندکاریان هەبوو، بەیاننامەکە بڵاو کرایەوە.

لە یادی چلویەکەمین ساڵەی دامەزراندنی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان، لە ساڵی ٢٠١٧دا لە کەرکوک، لە

هۆڵی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، بە ئامادەبوونی کۆچکردوو پارێزگاری ئەوکاتی کەرکوک دکتۆر (نەجمەدین کەریم) ڕێورەسمێکی شایستە ساز کرا و لە هەمان ڕۆژدا لە کەناڵی سەتەلایتی کەرکوکەوە پەخش کرا. کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی لە پەیڤێکدا کە بەو بۆنەیەوە پێشکەشی ئامادەبوانی کرد، وتی: ((٤١ ساڵ بەر لە ئێستا، لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا، یەکەم کۆبوونەوەی دامەزراندن و یەکەم بەیاننامەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان، لەماڵی محەمەد خۆرشید لە گەڕەکی ئیمام قاسم لە کەرکوک ئامادە کرا و بڕیار لەسەر بڵاوکردنەوەی درا)).[٢٧]

ئەنجوومەنی کاتی و لقەکانی یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستان، لەو دۆخە ترسناکەی بەسەر کوردستاندا سەپابوو بە گشتی و توێژی خوێندکاران بە تایبەتی، سڵی نەدەکردەوە و بەردەوام بوو لە هۆشیارکردنەوەی خوێندکاران. لەو کاتەدا بە دیدی چەپڕەوانەی کۆمەڵە، لە ناوەندەکانی خوێندن خوێندکارانی هان دەدا لەژێر فشاری ئیتیحادییەکانی بەعسدا خۆڕاگر بن و نەچنە ناو ڕیزەکانی ئیتیحاد تەلەبەی بەعسییەکانەوە. لەو دەمەدا خوێندکارانی کوردستان لەسەر دەستی ئیتیحادییەکان تووشی چەندین جۆر گێچەڵ و هەندێ کات ئازاردانیش دەبوونەوە، چی لە ناو ژوورەکانی ئیتیحادییەکان بێت لە ناوەندەکانی خوێندن، یان

٢٧ کەناڵی سەتەلایتی کەرکوک، ٢٠١٧/٤/٢٦، پاش نیوەڕۆ.

لە ڕاپێچکردنیان بێت بۆ دەزگا ئەمنی و مونەزەمە حیزبییەکانیان. بەڵام ئەو هیوایەی یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستان بە خوێندکارانی دەبەخشی، زۆر بەهێزتر بوو لە فشارەکانی ئیتیحادییەکانی بەعسی فاشی. بۆیە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕیزەکانی یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستان ڕووی لە گەشە دەکرد و بەرفرەوانتر دەبوو؛ ئێمەش وەک ئەندامانی کۆمەڵە، بەشێکی زۆر لەو ئەندامانەی یەکێتیی خوێندکارانمان پاش هەڵسەنگاندنی ورد دەخستە ئەڵقەی ڕۆشنبیریی کۆمەڵەوە و ئامادەمان دەکردن، بۆ ئەوەی موفاتەحەی کۆمەڵەیان بکەین. بەم شێوەیە بەردەوام بووین تا کۆتایی نیسانی ١٩٧٧. لەو کاتەدا، واتە لە سەرەتای ئایاری هەمان ساڵدا، بە هۆی ئاشکرابوونی بەشێک لە ئەندامانی ئەنجوومەنی کاتیی یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستان لە سلێمانی، بە هۆی دەمدانی ئیبراهیم حەسەنەوە (کە لە ڕێکخراوی ڕەنجدەران کاری دەکرد) لە لەتیف شێخ عومەر و شەهید شوان عەلی، لەتیف شێخ عومەر لە لایەن دەزگاکانی ئەمنی سلێمانییەوە دەستگیر دەکرێت، بەڵام شەهید شوان عەلی دەتوانێت خۆی دەرباز بکات. پاش چەند ڕۆژێک لە خۆشاردنەوە لە ناو شاری سلێمانی، بە هاوکاری ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە خۆی گەیاندە مەفرەزە سەرەتاییەکان لە ناوچەی قەرەداغ. هەر پاش ماوەیەکی کورت، ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لە هەولێر بەر شاڵاوی دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی بەعسی فاشی کەوتن و لە ئەنجامدا

کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی دەستگیر کرا. بەو هۆیەوە پەیوەندیی نێوان ئەنجوومەنی کاتیی یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستان پچڕا و لە ئەنجامدا، بە هۆی ئەو شاڵاوی گرتنەوە، پەیوەندیی نێوان لقەکانی شارەکانیش لە هەمان کاتدا نەما. بە هۆی دەستگیرکردنی دوو ئەندامی ئەنجوومەنی کاتی (کۆسرەت ڕەسوڵ و شێخ لەتیف) و لە هەمان کاتدا دەربازبوونی سکرتێری ئەنجوومەنەکە (شەهید شوان) بۆ ناو مەفرەزەکانی پێشمەرگە، پەیوەندیی نێوان لقەکانی یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستان بۆ ماوەی حەوت تا هەشت پچڕا، تاکو لە نزیکەی کۆتایی هەمان ساڵی ١٩٧٧دا بە سەرپەرشتیی کۆچکردوو قادری حاجی عەلی کۆنفرانسی نهێنیی یەکێتیی خوێندکاران لە ماڵی دلاوەری ئەحمەد مەجید بەسترا. لە لاپەرەکانی داهاتوودا دێمە سەر باسی درێژەی ئەو کۆنفرانسە نهێنییە، بەڵام لقەکانی خوێندکاران لە شارەکانی کوردستاندا درێژەیان بە چالاکی و خەباتی خۆیان دا.

هاوڕێیان کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی لە هەولێر و لەتیف شێخ عومەر لە سلێمانی دەستگیر کران، بەڵام شەهید شوان عەلی دەرباز بوو؛ سەرەتا خۆی گەیاندە قزلەر و چۆخماخ، پاشان چووە مەفرەزەکانی قەرەداغ. مەخابن، تەمەنی پێشمەرگایەتیی وەک سەرکردەیەکی خوێندکاران و کادیرێکی پێشکەوتووی

کۆمەڵە زۆر کورت بوو.[٢٨] لە شەڕێکی دەستەویەخەدا لەگەڵ سوپای بەعسی فاشی و جاشەکانیدا، لەبەر ئەوەی نەوەک بە بریندار بکەوێتە دەستی دوژمن، خۆی شەهید کرد[٢٩] و بوو بە یەکەم شەهیدی سەرکردەی یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستان. هەرچی کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی بوو، قارەمانانە بەرامبەر ئەشکەنجەی دڕندانەی بەعسییە فاشییەکان وەستایەوە، یەک وشەی نەدرکاند و سەربەرزانە نهێنیی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە و خوێندکارانی پاراست. دواجار، پاش چەند مانگێک لە ئەشکەنجەی دڕندانە، بەعسی فاشی لەبەر ئەوەی نەیانتوانی هیچ بەڵگەیەکی لەسەر بسەلمێنن، ئازادیان کرد. هەر پاش ئازادکردنی، بە ماوەیەکی کورت پەیوەندیمان گرێ دایەوە. لە هەمان کاتدا شێخ لەتیفیش، قارەمانانە و سەربەرزانە لە زیندانەکانی بەعسدا خۆڕاگریی کرد، بەبێ ئەوەی هیچ نهێنییەکی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە و یەکێتیی خوێندکاران بدرکێنێت؛ بەڵام لەبەر ئەوەی دەمدانەکەی ئیبراهیم حەسەن بە بەڵگەوە بوو، حوکمی حەوت ساڵ زیندانیکردنی بەسەردا سەپێنرا. دواجار بە لێبوردنە گشتییەکەی بەعسی فاشی، لە ساڵی ١٩٧٩دا ئازاد کرا.

هەرچەندە ڕیزەکانی یەکێتیی خوێندکاران بە هۆی شەهیدبوونی سکرتێری ئەنجوومەنی کاتییەوە (شوان عەلی)،

---

٢٨ شوعلە عەلی، پێشڕەو ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٦.
٢٩ سامان فەوزی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥.

هەروەها دەستگیرکردنی کۆسرەت ڕەسوڵ و لەتیف شێخ عومەرەوە زەبرێکی قورسی بەرکەوت و پەیوەندییەکانی نێوان شارەکان پچڕان و ماوەیەکی کورت سستی بەرۆکی یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستانیشی گرت، بەڵام لقەکانی شارەکانی کەرکوک و سلێمانی و هەولێر و دهۆک و دەڤەری بادینان هەر زوو دەستیان کردەوە بە خەبات و هۆشیارکردنەوەی خوێندکاران.

## یەکەم کۆنفرانسی نهێنیی یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستان

لە دوای ناوەڕاستی ساڵی ١٩٧٧، لە ڕێی مەفرەزەکەی چەمی سورقاوشانەوە (کە ئەوکات شەهید بێستون عەسکەری بەرپرسی عەسکەریی مەفرەزەکە بوو، هەروەها مامۆستا شێرکۆ عەسکەرییش بەرپرسی سیاسیی مەفرەزەکە بوو)، نامەیەک بۆ ئەحمەد کرێکار هاتبوو (ئەوکات ئەحمەد کرێکار بەرپرسی لیژنەی ڕێکخستنەکانی شاری کەرکوک بوو و سەرپەرشتیی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە و یەکێتیی دەکرد لە پارێزگاکە، منیش لەگەڵ شەهید کاکە حەمەی ئایشە و مام حەمیدی گومرگ و عەلی مغاویر ئەندامی ئەو لیژنەیە بووم). ئێمە هەفتانە کۆبوونەوەمان هەبوو و زۆربەی کۆبوونەوەکانمان لە ماڵی ئەحمەد کرێکار بوو. لەو کۆبوونەوەیەدا ئەو نامەیەی پێ دام و منیش خوێندمەوە.

لە نامەکەدا هاتبوو کە دەبێت لە ڕۆژ و کاتی دیاریکراوی ناو نامەکەدا، نوێنەری لقی خوێندکارانی کەرکوک لە وێستگەی پاسەکەی بەرامبەر مزگەوتی حاجی حەسەنی لۆکە لە سلێمانی ئامادە بێت، بەو پەڕلەیەی (ناونیشانی نهێنی لە نێوان دوو کەس یان زیاتر) لە نامەکەدا دیاری کراوە. من لە سەرەتاوە بە ئەحمەد کرێکارم وت:

ئەرکەکانی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەم زۆرە، لە هەمان کاتدا لە پەیمانگای هەولێری مامۆستایان دەوامم هەیە، فریای هەموو ئەرکەکان ناکەوم. باشتر وایە کەسێکی تر لە لق دیاری بکەم بۆ پەیوەندیی یەکێتیی خوێندکاران. سێ هاوڕێمان هەیە لە لقی خوێندکارانی کەرکوک، من تەنها یەکیان دەبینم، ئەویش فائق عومەر ڕەسوڵە (بێگومان ئەو کات تەنها ناوی نهێنیی فائقی دەزانی)، دوانەکەی تر، فائق لەتەکیاندا کۆ دەبێتەوە. بەڵام ئەحمەد کرێکار وتی:

((خۆت باشتر ئاگاداری بابەتەکانیت، بۆیە پێشنیازی من ئەوەیە خۆت ئەم کارە بکەیت. لە هەمان کاتدا، دەشزانیت وا بۆ ماوەی شەش مانگ دەچێت کە پەیوەندیی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەش لەگەڵ سلێمانی پچڕاوە، بەڵکو لەو ڕێیەوە ئەو پەیوەندییەش دروست ببێتەوە)).

دواجار منیش هاوڕا بووم لەگەڵ بۆچوونەکەی ئەحمەد کرێکار. بۆیە بڕیارم دا ئەو کارە بکەم، بەڵکو هەر لە ڕێی هاوڕێیانی خوێندکارانەوە، کە بێگومان ئەندامی کۆمەڵەشن، پەیوەندیی کۆمەڵەش دروست بکەینەوە.

ئەوە بوو لە ڕۆژی دیاریکراودا چووم بۆ سلێمانی، بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانی نێوان لقەکانی یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستان گرێ بدەینەوە و لەو ڕێیەوە کار و چالاکییەکانی یەکگرتووتر و چوست و چالاکتر بێت. جێی هاوڕێیانی شەهید

و زیندانیانی ئەنجوومەنی کاتی پڕ بکەینەوە و بە گوڕوتینێکی بەهێزتر و بەرنامەدارێژراوترەوە بکەوینە گەڕ، کە وەڵامدەرەوەی گەشەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی کۆمەڵە و ڕێکخستنەکان بێت.

پێش نیوەڕۆ گەیشتمە سلێمانی. لە وێستگەی پاسەکەی بەرامبەر مزگەوتی حاجی حەسەنی لۆکە دابەزیم و بەو ناونیشان و پەڕلەیەی بۆم دیاری کرابوو، چاوەڕوان بووم. لە ماوەی چاوەڕوانییەکەدا چاوم دەگێڕا و لە خەیاڵی خۆمدا دەموت ئەو هاوڕێیەی کە دێت، دەبێت کێ بێت. لە هەمان کاتدا بە خۆمم دەوت تۆ بڵێی چاودێری نەکرابم و بکەومە هەڵەوە، لە ماوەی ئەو چەند خولەکەدا کە چاوەڕوان بووم، دەیان شت بە خەیاڵمدا دەهاتن و تیژ تێ دەپەڕین، خەیاڵەکان ئەوەندە سرک بوون، چەندم دەکرد بۆم نەدەگیران و دەستەمۆ نەدەبوون.

لە پڕێکدا دەنگێک ڕزگاری کردم و هێنامیەوە وێستگەی پاسەکە. مەرحەبا، بێزەحمەت جەنابت چاوەڕوانی پاسی ناوبازاڕی، دەمێکە وەستاویت؟ سەرچاو، نەخێر ماوەیەکی کورتە.

ئیتر بە پرسیار و پەڕلەکە لێک ئاشکرا بووین. کەسێکی هێمن و لەسەرخۆ و وریا بوو لە جووڵە و هەڵسوکەوتدا. بە ناوی نهێنی خۆی پێ ناساندم، ئەویش کۆچکردوو قادری حاجی عەلی بوو. بەدەم ڕێوە کەوتینە گفتوگۆ دەربارەی بارودۆخی کوردستان و خوێندکاران. کۆچکردوو قادری حاجی عەلی وتی: کۆمەڵە منی ڕاسپاردووە بۆ سەرپەرشتیکردنی یەکێتیی خوێندکارانی

شۆڕشگێڕی کوردستان؛ بۆ ئەو مەبەستە، پەیوەندیمان بە لقەکانی خوێندکارانەوە لە سلێمانی و دەڤەری بادینان و کەرکوک کردووە. وا ئێوەش ئامادە بوون، بۆ ئەوەی ڕۆژی کۆنفرانسێکی نهێنی دیاری بکەین و بە سەرجەم کار و چالاکییەکانی لقەکانی یەکێتیی خوێندکاراندا بچینەوە. لە هەمان کاتدا، گفتوگۆ لەسەر ناوی ڕێکخراوەکە بکەین و سەرلەنوێ پێداچوونەوە بکەین بە ناو و پەیڕەو و پرۆگرامی یەکێتیی خوێندکاراندا، بە مەبەستی ئاڵوگۆڕێک کە بگونجێت لەگەڵ بارودۆخی ئێستای خەباتی خوێندکاران و تێکۆشانی گەلی کوردستان لەم قۆناغە سەختەی گەلەکەمان پێیدا گوزەر دەکات. پاشان کاتی کۆنفرانسەکەی پێ ڕاگەیاندم، کە پاش دوو هەفتەی تر لە سلێمانی دەکرێت. پێی وتم دەبێت سەرلەبەیانییەکەی لە سلێمانی لە هەمان شوێن ئامادە بیت. منیش ڕەزامەندیم بۆ کاتەکە دەربڕی و پێکەوە چووین نانی نیوەڕۆمان خوارد. پاشان بەدەم ڕێکردنەوە باسی کار و چالاکییەکانی لقی کەرکوکی یەکێتیی خوێندکارانم کرد، بە تایبەتی دوای دەربازبوونی شەهید شوان عەلی سەعید و دەستگیرکردنی لەتیف شێخ عومەر و کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی. وتم ئێستا کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی (بێگومان ئەو کاتە ناوی کەسم نەدەهێنا، تەنها وتم دوو هاوڕێمان دەستگیر کرا و هاوڕێیەکیشمان دەرباز بووە بۆ ناو ڕیزەکانی پێشمەرگە) ئازاد بووە، لە هەولێر یەکتر دەبینین و گەر بۆی بگونجێت، ئاگاداری دەکەمەوە بۆ

کۆنفرانسەکە. هەروەها بە گشتی قسەمان لەسەر بارودۆخی کەرکوک و کۆمەڵە کرد و بە کۆچکردوو (قادری حاجی عەلی)م وت، وا بۆ ماوەی چەند مانگێک دەچێت پەیوەندیی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لە کەرکوک لەگەڵ سلێمانی دابڕاوە. ئەویش وتی تا کاتی کۆبوونەوەی ئاییندەمان، دەربارەی ئەم بابەتە لەگەڵ سەرووی خۆم قسە دەکەم و لە هاتنەوەتدا بۆ سلێمانی بۆ کۆنفرانسی یەکێتیی خوێندکاران، هەوڵ دەدەم وەڵامت لێ بگێڕمەوە.

ئیتر دەمەوئێوارە من گەڕامەوە بۆ کەرکوک، دەبوایە شەوەکەی بچوومایەتە لای ئەحمەد کرێکار، ئەنجامی سەفەرەکەم بۆ سلێمانی باس بکەم و لە هەمان کاتدا ئەویش بزانێت بەبێ کێشە گەڕاومەتەوە. لە پاش ئەوەش، هەر سەفەرێکی سلێمانیم بکردایە و بە مەبەستی کۆبوونەوەی خوێندکاران بوایە یان لە پاشاندا، کە پەیوەندی کۆمەڵەشم گرتە ئەستۆ، دەبوایە شەوەکەی سەردانی کاک ئەحمەد کرێکارم بکردایە، بە مەبەستی دەنگوباسەکانی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە و مەفرەزە سەرەتاییەکانی پێشمەرگە و ڕاسپاردەکانی کۆمیتەی ڕێکخستنی ناوخۆ.

پاش دوو هەفتە گەڕامەوە بۆ سلێمانی، بۆ هەمان شوێنی مەوعیدی پێشوو، ئەو شوێنە بۆ من باشتر بوو، لەبەر ئەوەی باش شارەزای سلێمانی نەبووم. دوای هاتنی کۆچکردوو قادری حاجی عەلی، پێم ڕاگەیاند کۆسرەت ڕەسوڵ عەلیم ئاگادار کردووە بۆ کۆفرانسەکە، بەڵام ئەو لەبەر ئەوەی ماوەیەکی کورتە لە زیندان

ئازاد کراوە و لەژێر چاودێریدایە، ناتوانێت ئامادە بێت. پاشان بەڕێ کەوتین بەرەو ناوشار، چووین بۆ ماڵێک لە کۆڵانی تەنیشت سجنی سلێمانییەوە بوو (لە ئێستادا شوێنی سجنەکە کراوە بە پارکی دایک). پاشان زانیم ماڵی دلاوەری ئەحمەد مەجیدە. دلاوەر دەڵێت: ((بە مەبەستی ژیاندنەوەی خوێندکاران لەگەڵ کۆمەڵە قسەمان کرد، شەهید مامۆستا جەمال تایەر لەگەڵ کۆچکردوو قادری حاجی عەلی سەرپەرشتیی ئەو کارەی گرتە ئەستۆ. ڕۆژێکمان دانا بۆ کۆنفرانسەکە. قادری حاجی عەلی پەیوەندیی لەگەڵ هەموویان هەبوو، بە منیشەوە، داوام کرد لە ماڵی ئێمە لە پشت سجنی کۆن ئەو کۆنفرانسە بکەین، بە دایکم وت شفتە و کوببەمان بۆ دوو ڕۆژ بۆ حازر بکات و ماڵەکەش چۆڵ بێت، لەبەر ئەوەی دوو ڕۆژ کۆبوونەوەمان هەیە. ئەو بەیانییە هەر زوو قادری حاجی عەلی هات، دوایی لە دەرگا درا و ڕێکەوت عوسمان بەگ هات. ئەو کاتە وامان دانابوو کە هەرکەس لە دەرگای دا، بزانێت ئەوەی لێی دەکاتەوە، لە خۆمانە، من دەرگام لە ڕێکەوت عوسمان کردەوە، کە بینیمی، یەکسەر پێکەنی و وتی: وەڵاهی بڕوام نەدەکرد قەت سیاسەت بکەیت...!)).[٣٠]

ڕێکەوت عوسمان دەڵێت: ((لە مانگی ٧ یان ٨ی ساڵی ١٩٧٧ بوو، بە ئامادەبوونی نوێنەرانی شارەکان، لە ماڵی دلاوەر ئەحمەد مەجید کۆنفراسمان بەست، کۆنفرانسەکە ماوەی دوو ڕۆژی خایاند)).[٣١]

٣٠ شوعلە عەلی و پێشڕەو ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٦-١٢٧.
٣١ هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەرە ٣٦.

دوای ئامادەبوونی گشت ئەندامانی کۆنفرانسە نهێنییەکە، کە پێک هاتبوون لەم هاوڕێیانەی لای خوارەوە:

١. قادری حاجی عەلی، سەرپەرشتیی کۆنفرانسە نهێنییەکەی دەکرد، خوێندکاری زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانست، بەشی جیۆلۆجی بوو.

٢. دلاوەر ئەحمەد مەجید، ئەوکات خوێندکار بوو لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدا، پاش ئەنفال چوو بۆ نەمسا، ئێستا لە سلێمانی دەژی.

٣. ڕێکەوت عوسمان بەگ، لە زانکۆی موسڵ خوێندکاری کۆلێژی کارگێڕی و ئابووری بوو، دوای ئەنفال ڕۆیشت بۆ سوید و ئێستا لە سلێمانی نشتەجێیە.

٤. ئازاد حوسێن چوارتایی، خوێندکاری کۆلێژی کشتوکاڵ بوو، کۆچی دوایی کردووە.

٥. موژدەی مەلا کەریم، خوێندکاری کۆلێژی کشتوکاڵ بوو، ئێستا خانەنشینە و لە سلێمانی نیشتەجێیە.

٦. عادل حاجی تەیب، خوێندکاری کۆلێژی ئەندازیاری، بەشی ئەندازیاریی مەدەنیی زانکۆی سلێمانی بوو، ئێستا لە سلێمانی کاری ئەندازیاریی تایبەت دەکات.

٧. ئازاد ڕەسوڵ، خوێندکاری کۆلێژی ئەندازیاری، بەشی ئەندازیاریی ڕێگاوبان بوو لە زانکۆی سلێمانی. پاش هەردوو کۆبوونەوەکەی ماڵی کاک دلاوەر، پەیوەندیی ڕێکخستنی کۆمەڵە

و خوێندکارانی ڕاستەوخۆ بە منەوە مایەوە. ئێستا خانەنشینە و لە سلێمانی دادەنشیت.

٨. محەمەد حەسەن خورشید، لە پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایان بوو لە هەولێر، ئێستا خانەنشینی زیندانی سیاسییە.

کۆنفرانسە نهێنییەکە بە سەرپەرشتیی کۆچکردوو قادری حاجی عەلی دەستی پێ کرد و وتی:

پاش تێپەرینی ساڵێک زیاتر بەسەر دامەزراندنی یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستان و شاڵاوی دەستگیرکردنی هەندێک لە هاوڕێیان و پچڕانی پەیوەندیی نێوان لقەکانی خوێندکاران، کۆمەڵە ڕای سپاردووم بۆ گرێدانەوەی پەیوەندیی نێوان لقەکانی یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستان و سەرپەرشتیکردنی، بە مەبەستی ئەوەی بە گرۆتینێکی بەهێزتر و بەرنامەیەکی نوێوە، کە لەگەڵ پێداویستییەکانی ئەم قۆناغەدا بگونجێت، بەرفرەوانتر بەشدار بێت لە هۆشیارکردنەوەی توێژی خوێندکاران. بۆ ئەو مەبەستانەی باسم کردن، پێم چاکە سەرەتا گفتوگۆی ورد لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە یەک لە دوای یەک بکەین، پاشان بێینە سەر تەشکیلاتی ڕێکخستنەکانی خوێندکاران و لقەکانی.

أ- ناوی ڕێكخراوی یەكێتیی خوێندكارانی شۆڕشگێڕی كوردستان.[٣٢]

ب- پەیڕەو و پرۆگرام.

ج- دروشمی ئەم قۆناغەی یەكێتیی خوێندكاران.

د- ئامادەكاری بۆ وەشانی گۆڤارێكی وەرزی بۆ خوێندكاران.

پاش گفتوگۆیەكی ورد لەسەر خاڵەكانی سەرەوە، گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە.

١.لەبەر ئەوەی ڕێكخراوی خوێندكاران ڕێكخراوێكی پیشەییە، دەبێت ناوی شۆڕشگێڕی لێ دەربێهنین و بیگۆڕین بە یەكێتیی خوێندكارانی كوردستان.[٣٣]

---

٣٢ ڕێكەوت عوسمان بەگ دەڵێت: قادری حاجی عەلی ناوەڕۆكی نامەیەكی بەڕێز مام جەلالی بۆ باس كردین كە هەندێك ئامۆژگاری و ڕێنمایی كردن بوو، یەكێك لەو ڕێنماییانەش ئەوە بوو كە ناوی ڕێكخراوەكە پێویست بە وشەی شۆڕشگێڕ ناكات، بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: سامان فەوزی، شەهید شوان، ناسنامەی بزوتنەوەی خوێندكاران، ل ٣٦.

٣٣ دلاوەر ئەحمەد مەجید دەڵێت: یەكەم دانیشتن قادری حاجی عەلی دەستی كرد بە قسەكردن، وتی: هەڤاڵ مام جەلال نامەیەكی ناردووە بۆ ئاگاداركردنەوە و چۆنێتیی كاركردن. باس لەوە كرا كە پێش ئەم دانیشتنەی ئێمە، ڕێكخراوێكی خوێندكاری هەبووە بە ناوی یەكێتیی خوێندكارانی شۆڕشگێڕی كوردستان، ڕێكەوت وتی: من لە ڕێی شەهید د. بەختیار خالیدەوە ئیشم تێدا كردووە. ئێمە زانیاریمان لەسەر ئەو خوێندكارانە نەبوو. دیارە دروست بووە و لەو كاتەدا بە هۆی ئەوەی كادر و دامەزرێنەرانی هەندێكیان شەهید و ئەوەی تریش چوونەتە ریزی پێشمەرگایەتییەوە، پێویستی بە گەشانەوە و ژیانەوە هەیە. سەرەتا لە ناوەكەی دواین، وتمان خوێندكار شۆڕشگێڕ نییە، كردمان بە یەكێتیی خوێندكارانی كوردستان، دوای ئەوە بەرنامە و پەیڕەومان ئامادە كرد. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: شوعلە عەلی، پێشڕەو ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٧-١٢٨.

٢.دروشمی خوێندکاران بەم شێوەیە دارێژرا: (خوێندکاران پردی پەڕینەوەی ڕۆشنبیرین بۆ چین و توێژە زەحمەتکێشەکانی خەڵکی کوردستان).

٣.بە کۆی دەنگی ئامادەبوانی کۆنفرانسەکە، نوێنەرانی لقی شارەکانی کوردستان و بەغدا و موسڵ و ئامادەبوانی کۆنفرانسە نهێنییەکە وەک ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان ناسێنرا. لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ موژدە مەلا کەریم دەربارەی کۆنفرانسە نهێنییەکەی یەکێتیی خوێندکاران، وتی: ((بەڕێز مام جەلال نامەی ناردووە بۆ یەکێتیی خوێندکاران و باسی لە گۆڕینی ناوەکەی کردووە. لە کۆنفراسە نهێنییەکەشدا کۆچکردوو قادری حاجی عەلی وەک سکرتێری خوێندکاران دەستنیشان کرا و ئامادەبوانی کۆنفرانسەکەش وەک سەرکردایەتیی ئەنجوومەنی یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان ناسێنرا)).[٣٤]

٤.بە کۆی دەنگ ناوی گۆڤارە وەرزییەکە بە ڕێبازی خوێندکاران دیاری کرا.

٥.لەبەر ڕۆشنایی پەیڕەو و پرۆگرامی پێشوو، پەیڕەو و پرۆگرامێکی نوێ ئامادە کرا.

---

(شایەنی باسە بڵێم، من نە لە یەکەم کۆبوونەوەی دامەزراندنی یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستان نامەی سکرتێری گشتیی یەکێتیم بینیوە، نە لە یەکەم کۆنفرانسە نهێنییەکەی ماڵی دلاوەر ئەحمەد مەجید – نووسەر).

٣٤ موژدە مەلا کەریم، ئەندامی یەکەم کۆنفرانسی نهێنیی یەکێتیی خوێنداکارانی کوردستان، وتووێژی تەلەفۆنی، ڕۆژی ٢٠٢٢/١/٧، کاتژمێر ٢ی پاشنیوەڕۆ.

٦.بۆ ئـەوەی چالاکییەکانی یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان چوست و چالاکتر و کاراتر بێت بڕیار درا، لایەنی کەم مانگانە، ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان کۆ ببێتەوە.

پاشان گفتوگۆی تەشکیلاتی نوێی خوێندکاران و سەرلەنوێ پێکهێنانی لقەکانی شارەکانی کوردستان و (بەغدا و موسڵ)مان کرد، ئەرکەکانیش بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش و دەستنیشان کران[٣٥]:

١. قادری حاجی عەلی وەک سکرتێری یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان دیاری کرا.

٢. عادل حاجی تەیب وەک بەرپرسی لقی سلێمانی دیاری کرا.[٣٦]

٣. ڕێکەوت عوسمان وەک بەرپرسی لقی موسڵ و دەڤەری بادینان.

٤. دلاوەر ئەحمەد مەجید وەک لێپرسراوی لقی بەغدا.

٥. کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی وەک بەرپرسی لقی خوێندکارانی هەولێر دیاری کرا (هەرچەندە ئامادەی کۆنفرانسەکەش نەبوو وەک لـەسـەرەوە ئـامـاژەمـان بۆ کـردووە)، بـەڵام چـالاکی و نووسراوەکان سپێررا بە من تاکو بیانگەیەنمە هەولێر.

---

٣٥ شوعلە عەلی و پێشڕەو ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٨.
٣٦ موژدە مەلا کەریم، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٦. محەمەد حەسەن خورشید وەک لێپرسراوی لقی کەرکوک.

٧. موژدە مەلا کەریم و ئازاد حوسێن وەک سەرپەرشتیاری ڕاگەیاندن و گۆڤاری وەرزیی یەکێتیی خوێندکاران دەستبەکار دەبن.[٣٧]

کۆنفراسە نهێنییەکە، کە دوو ڕۆژ بوو، بەیانیان دەستی پێ دەکرد، نیوەڕۆکەی هەر لە ماڵی دلاوەر ئەحمەد مەجید، نانی نیوەرۆمان دەخـوارد و دوای پشوویەکی کـورت، کۆبوونەوە بـەردەوام دەبـوو تا نزیک ئێوارە. پاشان من و ئـازاد ڕەسوڵ ئێوارەکەی دەگەڕاینەوە بۆ کەرکوک، بۆ سبەی بەیانییەکەی هەمدیس دەهاتینەوە بۆ سلێمانی. لێرەدا دەبێت ئەوە بڵێم کە ئەو دوو ڕۆژە دایکی دلاوەرمان زۆر ماندوو دەکرد بە ئامادەکردنی خـواردن بۆ ئەو هەشت هاوڕێیە. لە کاتێکدا ئێمە لای بەیانی، کە دەچووینە ماڵەکەیان بۆ کۆبوونەوە، تا دەمەوئێوارە لەوێ دەماینەوە. دایکی دلاوەر تاقی بەیانی زوو خواردنی ئامادە دەکرد و پێش ئەوەی ئێمە بگەینە ماڵیان، ئەو دەردەچوو بۆ ماڵی کەسوکار و ناسیاویان و تا دەمەوئێوارە نەدەهاتەوە، پێش دەرچوونیشی لە ماڵەوە، خەتی تەلەفۆنەکەی دەبڕی. لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لە ئەیلوولی ٢٠٢١ لەگەڵ دلاوەر ئەحمەد مەجید، وتی:

((دایکم خەتی تەلەفۆنەکەی دەبڕی بۆ ئەوەی کەس نەزانێ لە ماڵەوە میوانمان هەیە، نەوەک کەسێک لە هاوڕێیان وەڵامی

٣٧ موژدە مەلا کەریم هەمان سەرچاوەی پێشوو.

تەلەفۆن بداتەوە یان تەلەفۆن بکات، یان نەوەک کەسی خراپتان تێدا بێت تەلەفۆن بۆ بەعس بکات)).[٣٨]

زۆر سوپاس بۆ ماندووبوونی دایکی دلاوەر ئەحمەد مەجید. لەو ڕۆژگارە سەختەدا کەم کەس هەبوو ئاوا دڵسۆزانە و بوێرانە ڕێ بە نەوەکانی بدات نەک کۆبوونەوە، بەڵکو بهێڵێت خۆی لە سیاسەتیش هەڵبقورتێنێت. مەخابن بۆ ئەو ئازارانەی دایکانی وەک دایکی دلاوەر، لە ڕۆژە تاریکەکان و سەختەکانی ئەوی سەردەمەدا چەشتیان.

لە دوای یەکەم کۆنفرانسی نهێنیی یەکێتیی خوێندکارانەوە، ئیتر سەرکردایەتیی ئەنجوومەنی یەکێتیی خوێندکاران مانگانە کۆبوونەوەکانی خۆی دەکرد و بە هێز و گڕوتینێکی نوێوە، کە بگونجێت لەگەڵ گەشەی ڕیزەکانی ڕێکخستن و پەرەسەندنەکانی چالاکییەکانی مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆڕشی نوێدا، کەوتینە ڕێکخستنەوەی لقەکانی خوێندکاران، کار و چالاکییەکانمان پەرەیان دەسەند و بە هێزترەوە ڕیزەکانی خوێندکارانمان بەرفرەوانتر و تۆکمەتر دەکرد. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خوێندکار لە ناوەندە جیاوازەکانی خوێندن پەیوەست دەبوون بە ڕیزەکانی یەکێتیی خوێندکارانەوە.

---

٣٨ دلاوەر ئەحمەد مەجید، ئەندامی یەکەم کۆنفرانسی نهێنیی یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستان، وتووێژێکی تەلەفۆنی، سلێمانی، ڕۆژی ٢٠٢١/١٢/٣٠، کاتژمێر ١١:٣٠ پێشنیوەڕۆ.

یەکەم ژمـارەی گۆڤاری وەرزیـی خوێندکاران کەوتە بەر دیـدی ڕیـزەکانـی یەکێتیی خـوێـندکـاران. بـە دەسـت وەرەقـەی کۆپیی نووسراوەکانی خوێندکارانمان دەنووسییەوە و بڵاومان دەکـردەوە. لە یادمە کۆبوونەوەیەک لە کەرکوک کـرا. کاتێک کۆچکردوو قادری حاجی عەلی لە دەرگایدا و هاتە ژوورەوە، پاش بەخێرهاتن، دایکم پێی وت، تۆ برای حەمە جەزای؟ ئەویش بە خەندەوە وتی، بەڵێ من برای ئەوم، بەڵام وەک ئەو دەنگم خۆش نییە.

بەشێک لەو خوێندکارانەی پەیمانگا و زانکۆکانیان تەواو دەکرد و نەیاندەویست بڕۆنە ڕیزەکانی سوپای عیراقەوە، دەمانگەیاندنە ناو ڕیزەکانی پێشمەرگە.[39] زۆربەی زۆری ئەو خوێندکارانەی دەمانگەیاندنە ناو ڕیزەکانی پێشمەرگە، لە ڕێی خەتێکی ڕێکخستنی کۆمەڵەوە بوو لە سلێمانی، کە ئاسۆ عەلی[٤٠*] و شەهید حەمە

٣٩ ئەو خوێندکارانەی کە ئاسۆ عەلی و شەهید هیوا دەیانگەیاندنە مەفرەزەکەی کاک ئازاد هەورامی و مام بێستوون (شەهید خەباتە بچکۆل، شەهید شوانی تەپەی مەلا عەبدوڵلای کەرکوک، جەمال خان (جوتیار) ئێستا لە بەریتانیا دەژی، مەلا خەلیل لە کەرکوک دەژی، نورەدین شێخ عەبدولواحد (حەمە ڕەشید)، لە کەرکوک دەژی، مۆفەق حاجی تاقی (بەختیار) لە کەرکوک دەژی، محەمەد ئەحمەد عەلی (ئاوات) لە ڕاپەرینی ١٩٩١دا شەهید بوو، هیوا هەورامی (بیبی) لە سلێمانی دەژی، کۆچکردوو ساڵح. چەندین خوێندکاری عارەبیش کە لە ڕیزەکانی حیزبی شیوعیی عیراقیدا بوون، پەیوەندیی هاوڕێیانەیان هەبوو لەگەڵ فائق عومەر ڕەسوڵ لە بەغدا، چەندین خوێندکاری تر کە بە داوای لێبوردنەوە ئێستا ناوەکانیانم لە یاد نەماوە.

٤٠* ئاسۆ عەلی، ئەندامی پێشووی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٧٩ بە هۆی دەمدانی سیخوڕێکەوە لە سلێمانی، لەگەڵ شەهید حەمە غەریب (هیوا) لە لایەن مولازم موحسینەوە دەستگیر دەکرێن، پاش ئەشکەنجە و ئازارێکی زۆر، بەبێ ئەوەی وشەیەک بدرکێنن، ڕێکخستنەکانی

غەریب (هیوا)[٤١**] بەرپرسیان بوون و لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٧دا لە ڕێی مەفرەزەکەی کۆمەڵە لە چەمی سورقاوشان، پەیوەندییان کرد بە لیژنەی ڕێکختستنی کۆمەڵە لە شاری کەرکوک.[٤٢***]

لقی یەکێتیی خوێندکارانیش لە کەرکوک، پاش چەند کۆبوونەوەیەک لە ماڵی فائق عومەر ڕەسوڵ بە ئامادەبوونی ئەندامانی لق شەهید ئەسعەد (شێخ دارا) و سەباح مەحموود گەلاڵەیی، گۆڤارێکی تایبەتمان بە لقی خوێندکاران لە کەرکوک

---

کۆمەڵەیان پاراست و قارەمانانە لە لێبوردنە گشتییەکەی هەمان ساڵدا ئازاد کران، پاشان پەیوەندییان بە هێزی پێشمەرگەوە کرد، ئێستاش خانەنشینە، بێلایەنە و لە سلێمانی دەژی.

٤١** شەهید حەمە غەریب (هیوا) لە پاش نەبەردییەکەی ساڵی ١٩٨٠ی حاجی ئاوا لە سلێمانی، کە مولازم موحسینی تێدا بریندار بوو، پاش چەند ڕۆژێک لەگەڵ مەفرەزەیەکدا دەگەڕێتەوە ناو شار و لە گەڕەکی تووی مەلیک شەهید دەبێت (شەهید هیوا لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٩دا پەیوەندی دەکات بە مەفرەزەکانی کۆمەڵەوە. لە ساڵی ١٩٨٠دا بە سەردان دێتەوە بۆ سلێمانی بۆ ماڵی خۆیان. سیخوڕێکی ئەمنی بەعس ئەخبارییی دەکات، ملازم موحسین بە هێزێکی زۆرەوە پەلاماری ماڵەکەیانی دا و لە شەڕێکی دەستەویەخەدا مولازم موحسین بریندار دەبێت و چەندین قوات خاسەش دەکوژرێن)

(گفتوگۆیەک لەگەڵ ئاسۆ عەلی، ئەندامی سەرکردایەتیی پێشووی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، ڕۆژی هەینی، ٢٠٢٢/١/٢٨، کاتژمێر ٧ی ئێوارە، لە ماڵی نووسەر).

٤٢*** ئەم هێڵەی ڕێکخستنی کۆمەڵە، کە ئاسۆ عەلی و شەهید حەمە غەریب (هیوا) بەرپرسی دەبن، لە ڕێی مەفرەزەکەی کۆمەڵە، کە شەهید ئازاد هەورامی سەرپەرشتیی دەکرد و شەهید مام بێستوونیش بەرپرسی عەسکەریی بوو، لە ڕێی شەهید بێستوونەوە یەکترمان ناسی، پەیوەندیی ڕێکخستنیان مایەوە بە کەرکوکەوە تاکو ئازادبوونی ئاسۆ عەلی و شەهید هیوا لە زیندان لە لێبوردنەکەی ١٩٧٩دا، کە پاش ئەوە چوونە شاخ و پەیوەندییان بە هێزی پێشمەرگەوە کرد.

(گفتوگۆیەک لەگەڵ ئاسۆ عەلی ئەندامی سەرکردایەتی پێشووی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، ڕۆژی هەینی ٢٠٢٢/١/٢٨، کاتژمێر ٧ی ئێوارە لەماڵی خۆمان، هەمان سەرچاوەی پێشوو).

کرد، بە ناوی باوەگوڕگوڕ. ئەوەندەی من ئاگاداربم، هەمووی بە دەست دەنووسرایەوە و فائق عومەر ڕەسوڵ دیزاینی بۆ دەکرد. یەکەم ژمارە لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٠ ئامادە کرا و کەوتە بەر دەستی ڕیزەکانی یەکێتیی خوێندکاران.

لە مانگی شەشی ساڵی ١٩٧٩دا دلاوەر ئەحمەد مەجید[٤٣]، پاش تەواوکردنی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا بە ماوەیەک، پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە کرد؛ هەروەها بە هۆی بەرفرەوانیی ئەرکەکانی کۆسرەت ڕەسوڵ عەلییەوە لە ناو ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەدا، گۆڕانکاری لە ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان کرا. کاک فەرهاد محەمەد (فەرهادی شەهیدان) و هەڵکەوت عەبدوڵا هاتنە ناو ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی یەکێتیی خوێندکارانەوە.

دلاوەر ئەحمەد مەجید دەڵێت: ((پاشان عادل تەیب فەتاح بوو بە بەرپرسی لقی سلێمانی، دوای ئەویش کامیل تەیبی برای، دوای ئەوانیش فەرهادە قەڵەوی شەهیدان بوو بە ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی خوێندکاران و بەرپرسی لقی سلێمانی. فەرهادی شەهیدان لە ڕێی مەلا گوروونەوە[٤٤*] بەیاننامەکانی دەگەیاندە

٤٣ دلاوەر ئەحمەد مەجید، هەمان سەرچاوەی پێشوو.
٤٤* فەرهاد محەمەد (فەرهادی شەهیدان) دەڵێت: ((ئەو مەلایەی دلاوەر ئەحمەد مەجید باسی دەکات و نووسراوەکانی خوێندکاران و کۆمەڵەی دەگەیاندە شارەکان، مەلا نەجمەدینی بەردە زەردی بوو، من لە ڕێی مامۆستا ئەنوەری خاڵمەوە ناسیم، کەسایەتییەکی دڵسۆز و نیشتیمانپەروەر بوو، خاڵم لە ڕیزەکانی یەکێتیی نیشتیمانیدا ڕێکی خستبوو. هەندێ کات ژنێکم لەگەڵیدا دەنارد ناومان نابوو دایکی کوردستان، بۆ گواستنەوەی بڵاوکراوەکانی کۆمەڵە و خوێندکاران.

لقەکانی خوێندکاران لە موسڵ و بەغدا و هەولێر. (دیارە دلاوەر شاری کەرکوکی بیر چووە – نووسەر). هیی کۆمەڵەش، لە بەغدا من بەرپرسی لق بووم و جەمال عەبدولا (هەڵکەوت) ئەندام لق بوو، دوای چوونە دەرەوەم، بەرپرسی لقەکە بۆ هەڵکەوت جێ ما و پاشتر بوو بە سکرتێری خوێندکاران)).[٤٥]

هەر لەو کاتەوە زۆربەی کات کۆبوونەوەکان لە ماڵی فەرهاد محەمەد دەکران، زۆربەی ئەرکەکانی هەڵسووڕانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی خوێندکارانیش، بە هۆی سەرقاڵیی کۆچکردوو قادری حاجی عەلی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەوە، فەرهاد محەمەد ڕای دەپەڕاندن، بەڵام بەردەوام لە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی یەکێتیی خوێندکاران ئامادە دەبوو، تاکو نیسانی ١٩٨٠. پاشان فەرهادی شەهیدان هەر خۆی بوو بە سکرتێری خوێندکاران.[٤٦]

---

دەمانچە و نارنجۆک و لوغممان پێدا دەگواستەوە. کەسانێکی زۆر دڵسۆز بوون بۆ کۆمەڵە و یەکێتی،ماڵیان لە سەرووی برایم پاشا بوو، ساڵی ١٩٩٦ کۆچی دوایی کرد (فەرهادی شەهیدان زۆر جار مەلا نەجمەدین و دایکی کوردستانی ناردووە بۆ ماڵی ئێمە لە کەرکوک، بۆ گەیاندنی نووسراوە نهێنییەکان و تەقەمەنی، جار هەبووە خۆی لەگەڵ مەلا نەجمەدین هاتووە – نووسەر)، بەڵام مەلا گوروون خزمی من بوو، کوڕەکەی حسک بوو، لە سلێمانی چالاکییەکی کرد و لەسەر ئەو چالاکییە گشت خێزانەکەیان لە لایەن ئەمنەوە گیران و بێسەروشوێن کران، تەنها کوڕێکی نەبێت کە لەو کاتەدا ل ەماڵەوە نابێت و ڕزگاری دەبێت].

٤٥ شوعلە عەلی و پێشڕەو ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٨–١٢٩.

٤٦ فەرهاد محەمەد (فەرهادی شەهیدان)، ئێستا بێلایەنە، لە نەرویج نشتەجێیە، وتووێژی تەلەفۆنی، سلێمانی ٥/ ٢٠٢٢/١، کاتژمێر ١٠ی پاشنیوەڕۆ.

لە بیرمە ڕۆژێکیان پاش کۆتاییهاتنی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی خوێندکاران لە ماڵی کاک فەرهاد، هەندێ نووسراوی خوێندکاران هەبوو، دەبوایە لەگەڵ خۆم بمبردایەتەوە بۆ کەرکوک، منیش پێش ماڵئاوایی خستمە ناو گۆرەوییەکانمەوە (بێگومان کارێکی سەرچڵیی منی دەگەیاند). لەو کاتەدا دایکی کاک فەرهاد ئەم شێوە شاردنەوەیەمی بینی (دایکی کاک فەرهاد هەمووممانی دەناسی و زۆر جار پێش گەڕانەوەم ترشیاتی بۆ دادەنام بۆ ئەوەی لەگەڵ خۆمدا بیبەمەوە بۆ کەرکوک) و وتی: کوڕم ئەو شتانە چۆن وا ئەشارڕینەوە؟ ڕەنگە لە کاتی ڕۆیشتندا لە گۆرەوییەکەت بێتە دەرەوە و بکەوێت، منیش وتم، ئەی ئەگەر لە کەمەرمی قایم بکەم باشتر نییە؟ دەنگی نەکرد، بە پەلە دوو پارچە پەڕۆی هێنا و وتی، پێڵاو و گۆرەوییەکانت لە پێت بکەرەوە، پاشان نووسراوەکانی توند لە پێیەکانم بەست و وتی، ئەوجا گۆرەوی و پێڵاوەکان لە پێ بکەوە. لە ئاست زیرەکیی ئەو ژنە میهرەبان و بەئەزموون و دڵسۆزەدا، کۆڵێ ئارەقەی شەرمەزاریم دەردا. ئێمە بەم جۆرە درێژەمان بە کار و چالاکییەکانمان دەدا لەناو ڕیزەکانی کۆمەڵە و یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان، تاکو لە کۆتایی نیسانی ١٩٨٠ لە لایەن ئەمنی کەرکوکەوە دەستگیر کرام. لەو مێژووە بەدواوە من بۆ ماوەیەکی درێژ لە زیندان مامەوە و پەیوەندیم بە یەکێتیی خوێندکارانەوە نەما.

لە کۆتاییدا دەمەوێت ئاماژە بە ناوەڕۆکی ئەو کورتە باسە مێژووییەی سەرەوەی کۆمەڵەی خوێندکاران بکەم. دڕندەیی و سیاسەتی تۆقێنەرانەی بەعسی فاشی لە ڕاگواستن و تەعریب و تەبعیس و تۆقاندن، نەک هەر نەبووە مایەی ترساندنی خەڵکی کوردستان، بەڵکو بووە هاندەرێک بۆ بەرەنگاری و هۆشیاربوونەوەی خەڵکی کوردستان دژ بە سیاسەتە وێرانکار و کاولکارییەکەی بەعسی فاشیست بە گشتی و توێژی خوێندکاران بە تایبەتی، چونکە توێژی خوێندکار:

١. لە مێژوودا هەردەم ڕۆڵی کاریگەری لە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و سیاسییەکان و شۆڕشەکاندا هەبووە، لە جیهان و لە ناو گەلانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و بەرەنگاری و شۆڕشەکانی کوردستاندا بە تایبەتی.

٢. لە کوردستانیش خوێندکاران وەک توێژێک لە سەرەتای دروستبوونی کۆمەڵەوە، بەشداریی کاریگەریان هەبووە لە ناو ڕیزەکانی کۆمەڵە و هۆشیارکردنەوەی خەڵکی کوردستان دژ بە سیاسەتی بەعسی فاشی و جیاوازییە چینایەتییەکانی کۆمەڵگای کوردستان.

٣. خۆڕسکانە ویژدانی مرۆییان دژی ستەم و چەوساندنەوەی نەتەوایەتی بزواوە.

بۆیە کۆمەڵە وەک ڕێکخراوێکی چەپ، هەر زۆر زوو درکی بە هێز و توانای ئەم توێژەی کۆمەڵگای کوردستان کردووە و

هەوڵی بەردەوامی داوە بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوێک بۆ ئەم توێژە. هەرچەنە هەوڵەکان لە ساڵی ١٩٧٤ەوە دەستیان پێ کردووە، بەڵام، پێکهێنان و دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوە بۆ خوێندکارانی کوردستان بە فۆرمولەکراوی، ئاڕاستەکراوی، بەبەرنامە و شکڵ و شێوە دارێژراو، لەسەر دەستی کۆمیتەی هەرێمەکانی کۆمەڵە بوو؛ بە بڕیاری شەهید ئارام لە ١٩٧٦/٤/٢٦دا، پێنج کادری کۆمەڵە لە شارەکانی کوردستان دەستنیشان دەکرێن و لە ڕێی شەهید ئازاد هەورامییەوە بە یەکتر دەناسرێن و ڕێنوێنی دەکرێن بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوێک بۆ خوێندکاران، تاکو ئەو هێزە چوست و چالاکە لە ڕووی هزری و جەستەییەوە، ئاڕاستە بکرێت و بخرێتە خزمەت شۆڕشی نیشتیمانیی گەلی کوردستان لە لایەک، لە لایەکی ترەوە بکرێت بە بنکەیەکی فراوان بۆ ئەڵقە ڕۆشنبیرییەکانی کۆمەڵە. لە هەمان کاتدا ئاشکراکردنی موژدەی تروسکایی هیوایەک بێت بۆ ئەو بێهیوایی و تاریکییەی دوای هەرەسی ساڵی ١٩٧٥ بەربینی خەڵکی کوردستانی گرتبوو. لە ئەنجامدا ئەو پێنج کادرەی کۆمەڵە لە شارەکانی کوردستان، ئەرکی پێکهینانی یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستانیان گرتە ئەستۆ و لە ١٩٧٦/٤/٢٦دا، لە گەڕەکی ئیمام قاسم لە کەرکوک دایان مەزراند.


محەمەد خورشید

٢٠٢٢/٢/٢١

# دەقی دۆکیۆمێنتەکان

## دێکۆمێنتی ژمارە (١)


# مسوەدەی بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێری کوردستان بە دەستنووس



سەرەتایەك

خوێندکارانی کوردستان رۆڵێکی بەرزیان هەبووە لە خەباتی
[illegible] گەلەکەماندا . ئێستاش لەم قۆناغە ئاڵۆزەدا
کە دوژمنی بە زنجیرەیەك کردەوەی شۆڤێنیزمانە بەرامبەر بە
گەلی کورد لە عێراقدا و بەرامبەر بە گەلانی عێراق بەگشتی لەلایەکی
ترەوە جۆرەها ماڤێکی دیموکراتیانەی پێشێل کردووە .
جارێکی تر خوێندکارانی کوردستان بە [illegible] کردنی
(یەکێتی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستان) لە [illegible]
دووپاتی ئەکەنەوە کە لە کاروانی شۆڕشگێڕانەی [illegible] رزگاری
[illegible] خەبات بە [illegible] پێشڕەویانە .
بەڵکو بە [illegible] شانبەشانی [illegible] کوردستان و
عێراق لە جەنگی بۆ بەدیهێنانی ئاوات و ئامانجی جەماوەر
لە سەرانسەری عێراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی .

(ڕێکخەرەی کاتی)





بەندی یەکەم
ناوی ڕێکخراوەکە: یەکێتی هونەرمەندانی شۆڕشگێڕی کوردستانە

بەندی (دووەم)
سنووری ئیشکردن
١- کوردستانی عێراقە
ب- لە کاتی پێویستدا [illegible]
[illegible] ئەندامی [illegible] بۆی هەیە
کە [illegible] لە شوێنەکانی تری عێراقدا
[illegible]

بەندی سێیەم
[illegible]
یەکێتی هونەرمەندانی شۆڕشگێڕی کوردستان [illegible]
[illegible] شۆڕشگێڕە خەباتی [illegible]
[illegible] ئامانجە نیشتمانی و [illegible]یەکانی
هونەرمەندانی کوردستان وە خەباتی خۆی گرێ ئەدا لەگەڵ [illegible] خەباتی
جەماوەری کوردستان بۆ بەدیهێنانی هەموو مافە ڕەواکانی بە پێی
[illegible]

بەندی چوارەم
ئامانجەکانی هونەرمەندان
١- [illegible] بە زمانی [illegible] کوردی لە هەموو [illegible] هونەرمەند
لە هەموو ناوچەکانی کوردستان بەبێ جیاوازی





(٢)

بەندی یەکەم

ناوی ڕێکخراو: (یەکێتی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستان)ە

بەندی دووەم:

شوێنی پێشکەش کردن:

أ- کوردستانی عێراقە

ب- لە کاتی پێویستیدا ئەنجومەنی گشتی بۆی هەیە لە یەکێتیت لە شوێنەکانی تری عێراقدا دەزگا بکات.

بەندی سێیەم:

سەرپشتی ڕێکخراو، یەکێتی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستان ڕێکخراوێکی پیشەیی نیشتمانی پێشکەوتنخوازی شۆڕشگێڕە، خەباتی خۆی ئەکات لەم دۆخە نوێیەدا بۆ هێنانەدی ئامانجە نیشتمانیەکانی خوێندکارانی کوردستان، هەروەها بۆ گرێدانی خەباتی جەماوەری کوردستان بۆ بەدیهێنانی مافە ڕەواکانی بە تایبەتی و خەباتی گەلی عێراق بە گشتی

بەندی چوارەم:

ئامانجەکانی خوێندکاران

خوێندن بە زمانی زگماکی کوردی لە هەموو پلەکانی
خوێندندا لە هەموو ناوچەکانی کوردستان بە بێ جیاوازی

دانانەوەی ئەو قوتابخانانەی کە پێشوو بە زمانی کوردی
ئەخوێنرا.


ئامانجە سیاسیەکان


١- خەبات لە پێناوی بەدی هێنانی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان
لە عێراقێکی دیموکراتیدا وە پشتگیری کردنێکی تەواوی
بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد لە کوردستاندا.
٢- گەشتن وە بزوتنەوەی پێشکەوتنخوازانی خوێندکارانی
کورد بەتایبەتی لە هەر بەشەکانی تری کوردستاندا
وە پشتگیری کردنی بزوتنەوە پێشکەوتنخوازەکانی
نەتەوەکانی ئەو وڵاتانەی کە کوردی پێوە بەستراوە.


د- بارەی خەباتی نەتەوەی کورد


خەبات لە پێناوی بەدی هێنانی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان
لە عێراقێکی دیموکراتیدا


٢- پشتگیری کردنی تەواوی بزوتنەوەی ئازادیخوازی
گەلی کورد لە بەشەکانی تری کوردستاندا وە پشتگیری
کردنی بزوتنەوەی پێشکەوتنخوازەکانی خوێندکاران
لەو بەشانەدا.











٢- کۆنگرەس

لیژنەی لق






ئازاد هەورامی ڕۆڵی گرینگی گێڕا بۆ بەیەکناساندنی ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەرو یەکەم کادیری کۆمەڵە بووە پێشنیاری بیرۆکەی ڕێکخراوێک بۆ خوێندکارانی کردووە


# ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی خوێندکاران




هاوڕێ شوان بەمنداڵی




رەئووف ئاکرەیی ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری خوێندکاران




کۆسرات ڕەسوڵ عەلی ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی خوێندکاران




لەتیف شێخ عومەر ئەندامی دەستەی دامەزرێنەر



محەمەد حەسەن خورشید ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری خوێندکاران


## بەشداربووانی یەکەم کۆنفرانسی نهێنیی یەکێتیی خوێندکاران




کۆچکردوو قادری حاجی عەلی سکرتێری یەکێتیی خوێندکاران
لەکۆتایی ساڵی١٩٧٧ تا ناوەراستی ساڵی ١٩٨٠




کۆچکردوو ئازاد حوسێن ئەندامی یەکەم کۆنفرانسی نهێنی



عادل تەیب ئەندامی کۆنفرانسی نهێنیی



دلاوەر ئەحمەد مەجید ئەندامی یەکەم کۆنفرانسی نهێنیی




ڕێکەوت عوسمان بەگ ئەندامی یەکەم کۆنفرانسی نهێنیی خوێندکاران



مژدە مەلا کەریم ئەندامی یەکەم کۆنفرانسی نهێنیی



ئازاد ڕەسوڵ ئەندامی یەکەم کۆنفرانسی نهێنیی



محەمەد حەسەن خورشید ئەندامی یەکەم کۆنفرانسی نهێنیی



لەتیف شێخ عومەر وەسفیە بەنی وەیس



محەمەد حسەن خورشید لە ماڵی خۆیان کە یەکەمین کۆبوونەوەی دامەزراندنی کۆمەڵەی خوێندکارانی تیا ئەنجامدرا، کەرکوک



فەرهاد محەمەد (فەرهادی شەهیدان)



نەجمەدین فەقێ عەبدوڵڵا و محەمەد حەسەن خورشید



**پەیکەری شەهید شوان لەسلێمانی**




شەهید شوان لەدەفتەری سەروەریدا



شوان لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا



کۆسرەت ڕەسوڵ، سانیە نەجم، دایکی محەمەد حەسەن خورشید لەوماڵەی کە یەکەم کۆبونەوەی دامەزراندنی کۆمەڵەی خوێندکارانی تیا ئەنجام درا.



کۆسرەت ڕەسوڵ، سانیە نەجم

## سەرچاوەکان

– **کتێب:**

١.	د. سامان فەوزی، شەهید شوان، ناسنامەی بزوتنەوەی خوێندکاران، سەنتەری ڕاگەیاندنی خوێندکارانی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠١.

٢.	سەباح بازرگان، گەڕەکی ئیمام قاسم، چاپی یەکەم، چاپخانەی (ئازاد هەورامی)، کەرکوک، ٢٠١٩

٣.	شوعلە عەلی و پێشڕەو ئەحمەد، لێدوانی بەڵگەنامەکانی شەهید شوان عەلی سەعید (شامیل)ی کۆمەڵەی ڕەنجدەران و یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستان، چاپخانە و ئۆفسێتی ئاسا، سلێمانی، ٢٠٠١.

– **ڕۆژنامە:**

١.	محەمەد حەسەن خورشید، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ساڵی پانزەیەم، ژمارە، ٢٧٤٨.

– **چاوپێکەوتن**

١.	ئاسۆ عەلی ئەندامی سەرکردایەتیی پێشووی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، ئێستا بێلایەنە، ڕۆژی هەینی ٢٠٢٢/١/٢٨، کاتژمێر ٧ی ئێوارە لە ماڵی محەمەد حەسەن خورشید.

٢.	ئیحسان نەجم محێدین، چاوپێکەوتن، کاتژمێر ٨ی شەو، ٢٠٢١/١١/١٧، سلێمانی.

٣. لەتیف شێخ عومەر، ئەندامی پێشووی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، وتووێژێکی تەلەفۆنی، سلێمانی، ٢٠٢١/١٠/١٨، کاتژمێر ١١:٣٠ی پێشنیوەڕۆ.

٤. دلاوەر ئەحمەد مەجید، ئەندامی یەکەم کۆنفرانسی نهێنیی یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان، وتووێژێکی تەلەفۆنی، سلێمانی ٢٠٢١/١٢/٣٠، کاتژمێر ١١:٣٠ پێشنیوەڕۆ.

٥. فەرهاد محەمەد (فەرهادی شەهیدان)، ئێستا بێلایەنە، لە نەرویج نشتەجێیە، وتووێژی تەلەفۆنی، سلێمانی، ٢٠٢٢/١/٥، کاتژمێر ١٠ی پاشنیوەرۆ.

٦. موژدە مەلا کەریم، ئەندامی یەکەم کۆنفرانسی نهێنیی یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان، وتووویژی تەلەفۆنی، ٢٠٢٢/١/٧، کاتژمێر ٢ی پاشنیوەرۆ.

٧. نەجمەدین فەقێ عەبدوڵا، لێپرسراوی ئەنجوومەنی ڕاوێژکاران لە مەکتەبی گەشەپێدانی بیر و هۆشیاریی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، چاوپێکەوتن، سلێمانی، ٢٠٢١/٩/١٣، کاتژمێر ١١ی پێشنیوەرۆ.

- **کەناڵی تەلەفیزیۆنی**

١. کەناڵی سەتەلایتی کەرکوک، ٢٠١٧/٤/٢٦.

٢. مەلا بەختیار، لە چلوسێیەمینساڵیادی دامەزراندنی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان، دیدار لەگەڵ لقی سلێمانیی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان، ٢٠١٩/٤/٢٩، سلێمانی، ماڵی خۆی، کاتژمێر ٦ی ئێوارە، کەناڵی گەلی کوردستان.

# سوپاس و پێزانین

پێویستە زۆر سوپاسی ئەم بەڕێزانەی خوارەوە بکەم، کە بە شێوەیەک لە شێوەکان دڵسۆزانە و لەخۆبودوانە هاوکار بوونە و جێگای ڕێز و تەقدیرن:

١-د. تاریق کاکەڕەش.

٢-نەجمەدین فەقێ عەبدوڵا.

٣-ئاسۆ عەلی.

٤-لەتیف شێخ عومەر.

٥-دلاوەر ئەحمەد مەجید.


٦-ئازاد ڕەسوڵ.

٧-ڕێکەوت عوسمان.

٨-فەرهاد محەمەد (فەرهادی شەهیدان).

٩-موژدە مەلا کەریم.

## محەمەد خورشید



کادیری دێرینی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو یەکێ لە دامەزرێنەرانی یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان. ناوی تەواوی محەمەد حەسەن خورشید. لەدایکبوی ساڵی ١٩٥٦ی گەڕەکی ئیمام قاسمی شاری کەرکوك.

ژیانی سیاسیی لە نیوەی یەکەمی دەیەی حەفتاکانی سەدەی بیستەم دەست پێدەکا، کاتێك لە ساڵی ١٩٧٢دا پەی بەوە برد کە لەپاڵ پارتی دیموکراتی کوردستانو لقی کوردستانی پارتی کۆمۆنیستی عیراق، ژیانی سیاسیی کوردستان گروپێکی تری تێدایە کە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانە، بەڵام پەیوەندی کردنی بە کۆمەڵەوە کەوتە ساڵی پاشتر، کاتێك نەجمەددین فەقێ عەبدوڵڵا، کادیری کۆمەڵە، لە ڕیزی ئەڵقە ڕۆشنبیرییەکانی کۆمەڵە ڕێکی خست. لە ساڵی ١٩٧٤دا بووە ئەندامی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان.

لەو ماوەیەدا خەریکی خوێندن بوو لە کەرکوكو لە هەمان کاتدا ئەرکەکانی خۆی وەك کادیرێکی ڕێکخستنە نهێنییەکان هەڵدەسوڕاند. لە ساڵی ١٩٧٦دا لەگەڵ هەر یەك لە کۆسرەت ڕەسول عەلیو شوان عەلی سەعیدو ڕەئوف ئاکرەییو لەتیف عومەر مستەفا بەشداریی لە دامەزراندنی یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستاندا کرد. ئەو کۆبونەوەیە کە یەکێتییەکەی تێدا دامەزرا، لە ماڵی ئەو لە کەرکوك بەسترا و تێیدا گەڵاڵەی بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆ پەسند کرا و ئەنجومەنێکی کاتیی بەڕێوەبەری لێ پێك هات.

ساڵی ١٩٧٨ پاش پێکهێنانی کۆمیتەی ئاگر لە کەرکوك، بووە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەریی کۆمیتەکە.

ساڵی ١٩٧٩ لە ڕەوتی ڕێکخستنەوەی دەزگاکاندا، یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕ سەرلەنوێ دامەزرایەوەو لە کۆنفرەنسێکدا کە بە شێوەیەکی نهێنیو بە سەرپەرشتیی قادر حاجی عەلی لە شاری سلێمانی بەسترا، سەرلەبەری یەکێتییەکە ڕێك خرایەوە. لەو کۆنفرەنسەدا ئەو وەك لێپرسراوی لقی کەرکوکی ڕێکخراوەکە بەشداریی کرد. لەو کۆنفرەنسەدا وشەی «شۆڕشگێڕ» لە ناوی ڕێکخراوەکە لابرا، پرۆگرام و پەیڕەوێکی تازە بۆ ڕێکخراوەکە دانرا و ڕێکخراوەکە بەو ئاراستەیەدا برا کەوەك ڕێکخراوێکی پیشەیی کار بکا.

ساڵی ١٩٧٩ یەکەم مەفرەزەی پێشمەرگەی ناوشاری کەرکوك لە چەند کادیرێك پێك هات لەوانە سوارە کەمال و خالد پەرستیارو نوعمان کڵاوقوت. لەو ماوەیەدا ئەرکی ڕێکخەری پەیوەندیی نێوان کۆمیتەی ڕێکخستنی ناوخۆو کۆمیتەی ئاگری گرتە ئەستۆو هەروەها توانی رایەڵەیەکی پتەوی پەیوەندی لە نێوان مەفرەزەکانی پێشمەرگەی چەمی ڕێزانو کۆمیتەی ئاگردا پێك بێنێ.

هەمان ساڵ خوێندنی لە پەیمانگای مامۆستایانی هەولێر تەواو کردو لە دوکان بە مامۆستا دامەزرا.

ساڵی ١٩٨٠ بڕیار درا وەك نوێنەری کۆمیتەی ئاگر بەشداری لە کۆنفرەنسی یەکەمی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستاندا بکا. لەم سەروبەندەدا لەگوندی دێلێژەی ناوچەی قەرەداغ، لە کۆبونەوەیەکیدا لەگەڵ ئازاد هەورامیی ئەندامی سەرکردایەتیی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و لێپرسراوی لقی ٢ی کەرکوکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، گەشە بە ئاستی

هەماهەنگیی نێوان ڕێکخستنەکانی ناو شارو هێزی پێشمەرگە درا. هەر ئەو ساڵەو لە کاتێکدا کە خۆی بۆ بەشداری کردن لە کۆنفرەنسی کۆمەڵەدا ئامادە کردبوو، دەزگا ئەمنییەکانی کەرکوك دەستگیریان کرد. دوای چوار مانگ لێکۆڵینەوەو ئەشکەنجەدان لە بارەگای بەڕێوەبەرایەتیی ئەمنی کەرکوك و دەزگای لێکۆڵینەوەی تایبەت، دەزگا ئەمنییەکان هیچ زانیارییەکیان لەسەر ڕێکخستنە نهێنییەکان لێ هەڵنەکراند. ڕەتکردنەوەی هاوکاری کردنی دەزگـا ئەمنییەکان کە دەیانزانی زانیاریی گرنگی لەسەر ڕێکخستنەکانی کەرکوك و بەشێکی ڕێکخستنەکانی هەولێرو سلێمانیو بەغدا پێیە، دەزگا ئەمنییەکانی هان دا لە دەستەی لێکۆڵینەوەی تایبەت بیدەنە دادگاو فەرمانی لەسێدارەدانی بۆ دەرکەن. پاش بڕیارەکە، بۆ زیندانی موسل گوێزرایەوەو لەوێ پاش سێ مانگ، بە هەوڵ و تەقەللای عەبدولسەتار تاهیر شەریفی وەزیری شارەوانییەکانی عیراق، سزاکەی سوك کرایەوەو لە فەرمانی کوشتنەوە کرایە زیندانی هەتا هەتاییو لەم سەروبەندەدا بۆ بەندیخانەی ئەبوغرێب گوازرایەوە. ساڵی ١٩٨٢ لە چوارچێوەی لێبوردنێکی گشتیدا ئازاد کرا.

لەو ماوەیەدا لە شاری سلێمانی گیرسایەوەو درێژەی بەپەیوەندییەکانی دا لەگەڵ هاوڕێکانی لە هێزی پێشمەرگە. ساڵی ١٩٩٢ بەشداریی لە دامەزراندنی کۆمیتەی بەرگری لە قوربانیانی ئەنفال کرد. ساڵی ١٩٩٦ کوردستانی بەجێ هێشت و لە فنلاند گیرسایەوە. لە ساڵی ٢٠٠٥دا لەگەڵ چەند هەڤاڵێکیدا کۆمیتەی ریفراندۆمی لەفنلاند دامەزراندو بانگەشەی بۆ سەربەخۆیی کوردستان لە ڕێی ڕاپرسییەوە کرد.

بابەتی پەیوەندیدار:

* ئاگر (کۆمیتەی ڕێکخستن).
* یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان.